له بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# ئەو حەق و مافانەی

# کە

# خواستراوی سروشتی مرۆڤن

# و

# شەریعەتی خوایش بەرقەراری کردوون

(**حُقُوقٌ** : دَعَتْ إِلَيهَا الْفِطْرَة وَقَرَّرْتهَا الشَّرِيعَة)


دانانی

پێشەوا و زانای گەورە و پایەدار

الشيخ محمد بن صالح العُثيمين رحمهُ الله

وەرگێڕانی

**محمد عبد الرحمن لطيف**

وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ إبراهيم) / کەلار



چاپی دووەم ١٤٣٨ ك


---


ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## * پێشەکی دانەر:

إِنَّ الْـحَمْدَ للهِ نَـحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَتُوبُ إِلِيْهِ ، وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِيَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُـحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإِحْسَانٍ وَسَلَّمَ تَسْلِيمَاً ، أَمَّا بَعْدُ:

بەڕاستی لەبەرچاوگرتنی عەدل و دادوەری و پێدانی حەق و ماف بە هەموو خاوەن مافەکان ـ بەبێ زیادەڕەوی و بەبێ کەموکوڕی ـ بەشێکە لە جوانیەکانی شەریعەتی خوای گەورە ، خوای گەورە فەرمانی کردووە بە دادوەری و چاکەکاری و بەخشین بەو کەسانەی کە نزیك و خزمن ، وە پێغەمبەرانی خوا نێردراون و کتێبەکانی دابەزێنراون بە مەبەستی جێگیرکردن و بەرقەرارکردنی عەدل و دادوەری و کاروبارەکانی دونیا و قیامەتیش لەسەر ئەوە ڕاگیراون .

وە (دادوەری و عەدل)یش بریتی‌یە لە پێدانی حەق و ماف بە هەموو خاوەن مافەکان و دانانی هەموو خاوەن پلە و پێگەیەك لە شوێن و پێگەی خۆیدا ، وە ئەمەش بەدی نایەت مەگەر بە زانین و شارەزابوون لە حەق و مافەکاندا نەبێت بۆ ئەوەی بدرێن بە خاوەنەکانیان ، وە لە پێناو ئەمەدا ئەم وتەیەمان داڕشتووە سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە گرنگە لە حەق و مافەکان ، بۆ ئەوەی کە

عەبدەکان هەستن بە جێبەجێکردنی ئەوەندەی کە دەیزانن لێیان بە پێی توانا ، ئەوەش پوخت دەبێتەوە لەمانەدا کە دێن :

١ / حەق و مافەکانی خوای گەورە .

٢ / حەق و مافەکانی پێغەمبەر (ﷺ) .

٣ / حەق و مافەکانی باوك و دایك .

٤ / حەق و مافەکانی منداڵان .

٥ / حەق و مافەکانی خزم و کەسوکار .

٦ / حەق و مافەکانی ژن و مێرد .

٧ / حەق و مافەکانی کاربەدەستان و هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتیان .

٨ / حەق و مافەکانی دراوسێکان .

٩ / حەق و مافەکانی موسڵمانان بە گشتی .

١٠ / حەق و مافەکانی جگە لە موسڵمانان .

ئەمانە ئەو حەق و مافانەن کە دەمانەوێت بە کورتی قسە و باسیان لەسەر بکەین :

## حەق و مافی یەکەم : حەق و مافی خوای گەورە

ئەم مافە شایستەترین و پێویستترین و گەورەترینی حەق و مافەکانە ، چونکە ئەمە حەق و مافی خوای بەرز و بەدیهێنەری گەورە و خاوەن و بەڕێوەبەری هەموو کاروبارەکانە ، مافی پادشای حەق و روونە ، حەق و مافی خوای زیندوو و ڕاگری خۆی و هەموو بوونەوەرەکانە کە ئاسمانەکان و زەویش ئەو ڕایگرتوون ، ئەو خوایەی کە هەموو شتێکی دروست کردووە و ئەندازەشی بۆ هەموو بوارەکانی ژیان داناوە بە داناییەکی پڕبەپێست و تێروتەسەل ، حەق و مافی ئەو خوایەیە کە لە نەبوونەوە تۆی هێناوەتەبوون لە کاتێکدا کە پێشتر تۆ هیچ شتێك نەبوویت باسبکرێیت ، حەق و مافی ئەو خوایەیە کە بە نیعمەتەکانی تۆی پێگەیاندووە و گەشەی پێت کردووە لە کاتێکدا کە تۆ لە ناو سکی دایکتدا لە ناو سێ تاریکاییدا بوویت کە لەو کاتەدا هیچ مەخلوق و دروستکراوێك نەیتوانیوە خواردن و بنەماکانی گەشەکردن و ژیانت بگەیەنێت بە تۆ ، ئەو خوایەی کە هەردوو مەمکی دایکی بۆت هێناوەتە شیردان و ڕێنمایی کردوویت بۆ هەردوو ڕێگای چاکە و خراپە و هەردوو باوك و دایکی بۆت موسەخەر و فەراهەم کردووە ، پێتیداوە و ئامادەشی کردوویت ، نیعمەتەکان و عەقڵ و تێگەیشتنی پێداویت و ئامادەشی کردوویت بۆ وەرگرتنی ئەوانە و سوودلێوەرگرتنیان : ﴿ وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا

تَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَـٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۙ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٧٨﴾ [النحل].

واتە : وە خوای گەورە ئێوەی لە سکی دایکانتان دەرهێناوە هیچتان نەزانیوە و بیستن و بینین و دڵی بۆ دروست کردوون و پێداون بەڵکو شوکر و سوپاسی بکەن .

خۆ ئەگەر بە ئەندازەی چاوتروکاندنێك فەزڵ و چاکەی خۆیت لێ بگرێتەوە ئەوا تیادەچیت و دەفەوتێیت ، وە ئەگەر بۆ ساتەوەختێك میهرەبانی و ڕەحمی خۆیت لێ بگرێتەوە ئەوا ناژیت ، سا ئەگەر ئەمە فەزڵ و چاکەی خوا بێت بەسەرتەوە و میهرەبانی و ڕەحمی خوا بێت بەرامبەر بە تۆ ئەوا بەڕاستی مافی بەسەرتەوە گەورەترینی حەق و مافەکانە ، چونکە حەق و مافی بەدیهێنانت و ئامادەکردنت و پێدانی نیعمەتەکانیەتی بە تۆ ، ئەو هیچ رزق و خواردنێکی لە تۆ ناوێت ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿لَا نَسْـَٔلُكَ رِزْقًا ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكَ ۗ وَٱلْعَـٰقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ ﴿١٣٢﴾﴾ [طـه].

واتە : ئێمە داوای ڕزقت لێناکەین ، بەڵکو ئێمە ڕزقی تۆ دەدەین ، وە دەرئەنجامیش بۆ تەقوا و لەخواترسانە .

بەڵكو تەنها یەك شتی لە تۆ دەوێت كە بەرژەوەندیەكەی بۆ خۆت دەگەڕێتەوە ، ئەوەی لە تۆ دەوێت كە : بە تەنها بیپەرستیت بەبێ‌شەریك و هاوبەش بۆدانان ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ مَآ أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَآ أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ ﴿٥٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ ذُو ٱلْقُوَّةِ ٱلْمَتِينُ ﴿٥٨﴾ ﴾ [الذاريات].

واتە : من جنۆكە و مرۆڤم دروست نەكردووە تەنها بۆ پەرستنی خۆم نەبێت ﴿٥٦﴾ نە رزقم لێیان دەوێت و نە خواردن پێدانیشم لێیان دەوێت ﴿٥٧﴾ چونكە بەڕاستی خوا خۆی ڕۆزیدەرە و خاوەن توانا و بەهێزە .

ئەوەی لە تۆ دەوێت كە عەبدی ئەو بیت بە واتای عەبدایەتی بۆ كردن هەروەكو چۆن ئەو پەروەردگاری تۆیە بە واتای پەروەردگاریەتی كردن ، عەبدێكی ملكەچ بیت بۆی ، گوێڕایەڵ بیت بۆی ، فەرمانەكانی بەجێ‌بێنیت و خۆت بەدوور بگریت لە قەدەغەكراوەكانی ، هەواڵەكانی بەڕاست بزانیت ، چونكە تۆ نیعمەتەكانی ئەو بەسەر خۆتەوە دەبینیت كە یەك بە دوای یەك تۆی گرتووەتەوە ، ئایا شەرم ناكەیت لەوەی كە ئەم نیعمەتانەی بگۆڕێتەوە بە بێ‌باوەڕی و ناسزایی و كوفرانەبژێری كردن ؟

* ئەگەر یەکێك لە خەڵك چاکەیەکی بەسەرتەوە هەبێت ئەوا تۆ شەرم دەکەیت لەوەی کە بەسەرپێچی کردنی رووبەرووی ببیتەوە و بە ئاشکرا پێچەوانەی بکەیت ، ئەی چ جا سەبارەت بە پەروەردگارت کە هەموو فەزڵ و چاکەیەك بەسەر تۆوە هەیە ئەوا لە فەزڵ و چاکەی ئەوەوەیە ، وە هەر خراپەیەکیش لە تۆ لادەدرێت ئەوا بەشێکە لە میهرەبانی و ڕەحمی ئەو ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْـَٔرُونَ ﴿٥٣﴾ ﴾ [النحل].

واتە : هەرچی نیعمەت هەیە بەسەرتانەوە ئەوە لە خواوەیە ، پاشان ئەگەر زیانێکیشتان پێبگات ئەوا هانا و هاوار بۆلای ئەو دەبەن .

وە پێغەمبەری خوایش (ﷺ) زۆر ڕاشکاوانە ئەوەی روونکردووەتەوە کە حەق و مافی خوا لەسەر عەبدەکانی بریتییە لەوەی کە تەنها ئەو بپەرستن و هیچ شەریکی بۆ دانەنێن :

عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((يَا مُعَاذُ أَتَدْرِي مَا حَقُّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ وَمَا حَقُّ الْعِبَادِ عَلَى اللَّهِ ؟ قُلْتُ : اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ ، قَالَ : **فَإِنَّ حَقَّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ** : **أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلاَ يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا** ، وَحَقُّ الْعِبَادِ عَلَى اللَّهِ : أَنْ لاَ يُعَذِّبَ مَنْ لاَ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا))[1].

---

[1] صحيح البخاري : (٢٨٥٦) وصحيح مسلم : (١٤٣) .

واتــە : پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) فــەرمووی : ئــەی (مُعَاذ) ئایا دەزانیـت حـەق و مافـی خوا لەسەر عەبدەكانی بـریتـیـیە لـە چـی وە حـەق و مافــی عەبدەكانیش بەسەر خواوە بریتییە لە چی ؟ فەرمووی : خوا و پێغەمبەرەكەی زاناترن .

فەرمووی : **حەق و مافی خوا لەسەر عەبدەكانی بریتـییـە لـەوەی كـە بـە تـەنها بیپەرسـتن و هـیچ شـتێك نەكـەن بـە شـەریكی** ، وە حــەق و مافــی عەبدەكانیش بەسەر خواوە بریتییە لەوەی كە : سزای ئەو كەسە نەدات كەوا هیچ شتێك نەكات بە شەریكی و هیچ شتێك لە شیرك بۆ خوا ئەنجام نەدات]*.

وە بەڕاستی ئەم حەقەیش كە خوا پێویستی كردووە بۆ خۆی سانا و ئاسانە بۆ كەسێك كە خوا بۆی ئاسان بكات ، ئەوەیش ئەوەیە كە خوا هیچ سەغڵەتی و تەنگی و ناڕەحەتی تێنەخستووە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦۚ هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمۡ إِبۡرَٰهِيمَۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ مِن قَبۡلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيۡكُمۡ وَتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِۚ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱعۡتَصِمُواْ بِٱللَّهِ هُوَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ فَنِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ ٧٨﴾ [الحج].

* تێبینی : ئەوەی نێوان ئەم دوو كەوانەیە [ ] من خۆم بۆیم زیاد كردووە (وەرگێڕ) .

واتـە : وە تێبکۆشـن و جیهـاد بکـەن لـە پێنـاوی خـوادا بـەو پـەڕی جیهـاد و تێکۆشان ، ئەو ئێوەی هەڵبژاردووە و هـیچ سـەغڵەتی و ناڕەحەتیـەکی لەسـەرتان دانەناوە لە ئـاین و دینداریـدا ، ئـەوە ئـاینی باپیرتـان (إبراهيم)ـە ، ئـەو پێشـتر و لەمەیشـدا نـاوی نـاون موسـڵمانان بـۆ ئـەوەی کـە پێغەمبـەر ببێـت بـە شـایەت بەسەرتانەوە و ئێوەیش ببن بە شایەت بەسەر خەڵکەوە ، لەبەر ئـەوە نوێـژ بکـەن بەرێك و پێکی و زەکات بدەن و پەیوەست بن بە خواوە ، ئەو دۆست و پشـتیوانی ئێوەیە و ئەویش باشترین پشتیوان و باشترین سەرخەرە .

ئەمـە بیروبـاوەڕێکی بێوێنەیـە ، ئیمـان و باوەڕهێنانـە بـە حـەق ، کـردەوەی چاکی بەرهەمهێنەرە ، بیروباوەڕێکـە کـە بنـەماکانی بـریتین لـە : خۆشەویسـتی و گـەورەڕاگرتن ، وە بەروبوومەکانیشـی بـریتین لـە : نیازپـاکی و بـەردەوام بـوون و خۆڕاگری .

* **پێنج نوێژ لە شەو و ڕۆژێکدا** : کە خوا دەیانکاتە هۆی سڕینەوەی هەڵـە و تاوانەکان و پلەی عەبدەکانی پێبەرز دەکاتەوە ، وە بە هۆیانەوە دڵەکان و حاڵ و کاروبارەکـان چـاك و بـاش دەکـات ، کـە عەبـد بـە پـێی توانـای خـۆی پێیانهەڵدەسێت

: ﴿ فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ ﴿١٦﴾ ﴾ [التغابن].

واتە : لە خوا بترسن ئەوەندەی لە تواناتاندا هەیە .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بـە (عِمْرَان) کـوڕی (حُصَيْن)ی فـەرموو ـ (عِمْرَان ﵁) نەخۆش بوو ـ : ((صَلِّ قَائِمًا ، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدًا ، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنْبٍ))[١].

واتە : بە پێوە نوێژ بکە ، وە ئەگەر نەتتوانی ئەوا بە دانیشتنەوە ، وە ئەگەر نەتتوانی ئەوا بە ڕاکشانەوە لەسەرلا بیکە .

* **زەکاتدان** : کـە بـریتـی‌یـە لـە بەشـێکی کـەم لـە ماڵەکـەت دەریدەکـەیت و دەدرێت بۆ دەرکردنی پێویستی موسڵمانان دەدرێت بـە کەسـانی نـەدار و هـەژار و ڕێبـوار و قـەرزار و جگـە لەمانـەش لـە کەسـانی شایسـتە بـە زەکـات ، ﴿فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱعۡتَصِمُواْ بِٱللَّهِ هُوَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ فَنِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ ٧٨﴾ [الحج] واتە : نوێژ بکەن بەرێك و پێکی و زەکات بدەن و پەیوەست بن بە خواوە، ئەو دۆست و پشتیوانی ئێوەیە و ئەویش باشترین پشتیوان و باشترین سەرخەرە.

* **بەڕۆژووبوونی یەك مانگ لە ساڵێکدا** : ﴿وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۗ ١٨٥﴾ [البقرة].

واتە : وە هەرکەسێکیش نـەخۆش بـوو یـان لـە سـەفەردا بـوو ئـەوا لـە ڕۆژانـی دواتردا دەیگرێتەوە و دەیگێڕێتەوە .

---

[١] أخرجه البخاري ، كتاب أبواب تقصير الصلاة ، باب إذا لم يطق قاعدًا صلى على جنب ، رقم : (١١١٧) .

وە هەرکەسێکیش نەیتوانی بەڕۆژووبێت لەبەر بێتوانایی هەمیشەیی و بەردەوام ئەوا لە بری هەر ڕۆژێك خواردنی فەقیر

و هەژارێك دەدات .

* **حەج کردنی ماڵی حورمەتدار** : یەك جار لە تەمەندا بۆ کەسێك کە توانای هەبێت .

ئەمانە بنچینە و بنەماکانی حەق و مافی خوای گەورەن ، وە حەق و مافەکانی تر جگە لەمانە ئەوا پێویست دەبن لە کاتی هاتنەڕێ وەکو جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خوادا یان لەبەر هەبوونی هەندێك هۆکار کە ئەوە دەخوازن وەکو سەرخستنی ستەملێکراو .

برام سەیر بکە ئەم حەق و مافە کەمە بە کردار و زۆر و گەورە لە پاداشتدا ئەگەر پێی هەڵبسیت و بەجێیبێنیت ئەوا بەختەوەر دەبیت لە دونیا و دوارۆژدا و ڕزگاریشت دەبێت لە ئاگر و دەچیتە بەهەشتیشەوە : ﴿فَمَن زُحۡزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدۡخِلَ ٱلۡجَنَّةَ فَقَدۡ فَازَۗ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ ١٨٥﴾ [آل عمران].

واتە : هەرکەسێك لە ئاگری دۆزەخ تێپەڕێنرێت و بخرێتە بەهەشتەوە ئەوا بەڕاستی براوە و سەرکەوتووە ، وە ژیانی دونیا هیچ نییە جگە لە چێژێکی فریودەر و هەڵخەڵەتێنەر نەبێت کە هیچ نرخ و ناوەڕۆکێکی نییە .

## حەق و مافی دووەم : حەق و مافـی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

وه ئـــەم حـــەق و مافـــەیش گـــەورەترینی حـــەق و مافـــی مـــەخلوق و دروستکراوەکانە ، هیچ مەخلوق و دروستکراوێك نیـیە حەق و مافـی گەورەتر بێـت لە حەق و مافـی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ٨ لِّتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا ٩ ﴾ [الفتح]* .

واتە : ئێمە تۆمان ناردووە بۆ ئەوەی کە ببیت بە شایەت بەسەر خەڵکەوە و و مژدەدەر بیت بە ئیمانداران و چاکەکاران و وریاکـەرەوە بیـت بـۆ بێباوەڕەکـان و تاوانبـاران ﴿٨﴾ بـۆ ئـەوەی کـە ئێـوە بـاوەڕبهێنن بـە خـوا و پێغەمبەرەکـەی و پێغەمبـەر گـەورەڕابگرن و ڕێـزی لـێبگرن و مافـەکانی بـەجێبێنن و تەسبیحاتـی خوایش بکەن لە سەرەتـــای ڕۆژ و کۆتاییکەشیدا بە نوێژ بۆ کردن یـان بـە زیکـر کردنی .

---

* **فائـدة** : قال السعدي رحمه الله : (﴿ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ ﴾ أي : تُعَزِّرُوا الرَّسُولَ (ﷺ) وَتُوَقِّرُوهُ أي : تعظموه وتجلوه وتقوموا بحقوقه ... ﴿ وَتُسَبِّحُوهُ ﴾ أي : تسبحوا لله ﴿ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا ﴾ أول النهار وآخره ، **فذكر الله في هذه الآية الحق المشترك بين الله وبين رسوله وهو الإيمان بهما ، والمختص بالرسول وهو التعزير والتوقير ، والمختص بالله وهو التسبيح له والتقديس بصلاة أو غيرها)** ــ وەرگێڕ ــ .

لەبەر ئەوە پێویستە خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) پێش بخرێت بەسەر خۆشەویستی هەموو خەڵکەوە تەنانەت بەسەر خۆشەویستی خوودی خۆت و منداڵ و باوکیشەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَلَدِهِ وَوَالِدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ))[١].

واتە : هیچ یەکێك لە ئێوە ئیمانی نی‌یە تاوەکو من بە لایەوە خۆشەویستتر نەبم لە منداڵەکانی و لە باوکی و لە هەموو خەڵکیش .

* **وە بەشێك لە حەق و مافەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بریتی‌یە لە :** ڕێز و حورمەت لێ‌گرتن و گەورەڕاگرتنی بە گەورەڕاگرتنێك کە لایەق و شایستەی بێت بە بێ زیادەڕەوی و بە بێ کەموکوڕی ، ڕێزلێگرتنی لە ژیانیدا بریتی بووە لە ڕێزگرتن لە سوننەتەکەی و لە خوودی پیرۆزی خۆی ، وە ڕێزلێگرتنی لە پاش مردنی بریتی‌یە لە ڕێزگرتن لە سوننەتەکەی و لە شەرع و بەرنامە ڕێك و ڕاستەکەی ، وە هەرکەسێك ڕێزلێگرتن و گەورەڕاگرتنی صەحابەکان ببینێت بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو کاتە دەزانێت کە ئەو کەسە گەورە و چاکانە چۆن هەستاون بەوەی کە پێویست بووە لەسەریان دەرهەق بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

---

[١] أخرجه البخاري ، كتاب الإيمان ، باب حب الرسول (ﷺ) من الإيمان ، رقم : (١٥) ، ومسلم ، كتاب الإِيمَان ، باب وُجُوبِ مَحَبَّةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَكْثَرَ مِنَ الأَهْلِ وَالْوَلَدِ وَالْوَالِدِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ... رقم : (٤٤) .

(عُرْوَة)ی کوڕی (مَسْعُود) بە (قُرَيْش)ی وت ـ لە پاش ئەوەی کە ناردیان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بۆ صولْح و ڕێکەوتن لە کاتی بەسەرهاتی حودەیبییەدا ـ وتویەتی : ((وَفَدْتُ عَلَى الْمُلُوكِ وَوَفَدْتُ عَلَى قَيْصَرَ وَكِسْرَى وَالنَّجَاشِيِّ فَمَا رَأَيْتُ مَلِكًا قَطُّ يُعَظِّمُهُ أَصْحَابُهُ مِثْلَ مَا يُعَظِّمُ أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) مُحَمَّدًا ، كَانَ إِذَا أَمَرَهُمْ ابْتَدَرُوا أَمْرَهُ ، وَإِذَا تَوَضَّأَ كَادُوا يَقْتَتِلُونَ عَلَى وَضُوئِهِ ، وَإِذَا تَكَلَّمَ خَفَضُوا أَصْوَاتَهُمْ عِنْدَهُ ، وَمَا يُحِدُّونَ إِلَيْهِ النَّظَرَ تَعْظِيمًا لَهُ))(١).

واتە : من بە نوێنەرایەتی ڕۆیشتووم بۆلای پادشاکان و ڕۆیشتووم بۆلای (قَيْصَر / پادشای ڕومەکان) و (كِسْرَى / پادشای فارسەکان) و (نَجَاشِي / پادشای حەبەشییەکان) هەرگیز هیچ پادشایەکم نەبینیوە هاوەڵەکانی گەورەی ڕابگرن وەکو بەگەورە ڕاگرتنی هاوەڵەکانی (مُحَمَّد ﷺ) بۆ (مُحَمَّد) ، ئەگەر فەرمانی پێکردبان ئەوا دەستپێشخەریان دەکرد بۆ جێبەجێکردنی ، وە ئەگەر دەستنوێژیشی گرتبا ئەوا نزیك بوو لەسەر ئاوی دەستنوێژەکەی بەشەڕبێن ، وە ئەگەر قسەی بکردایەت ئەوا دەنگی خۆیان لە ئاستیدا نزم دەکرد ، وە چاویان تێنەدەبڕی و بەردەوام نەدەبوون لە تێڕوانین و سەیرکردنی لەبەر گەورەڕاگرتنی .

ئا بەو شێوازە صەحابەکان (ﭫ) پێغەمبەری خوایان (ﷺ) گەورەڕاگرتووە لەگەڵ ئەوەی کە خوا ڕایهێناوە لەسەری و کردوویەتی بە خوو تێیدا لە ڕەوشتە

(١) أخرجه البخاري ، كتاب الشروط ، باب الشروط في الجهاد والمصالحة مع أهل الحرب رقم : (٢٥٨١) .

پیرۆزەکان و نەرم و نیانی و ڕۆح سوکی ، وە ئەگەر کەسێکی وشك و قسە توونـد و ڕەوشت خراپ و دڵ ڕەق ببوایە ئەوا دووردەکەوتنەوە لـە چـواردەوری و وازیـان لـێ ی دەهێنا .

*** وە بەشێکی تر لە حەق و مافەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بریتین لە :** بەڕاستزانین و بەڕاستخستنەوەی لەوەدا کە هەواڵی پێداوە سەبارەت بە شـتەکانی ڕابردوو و داهـاتوو ، هـەروەها بـەجێهێنان و پـەیڕەوکردنی ئـەوەیش کـە فـەرمانی پـێ کردووە ، وە دوورکەوتنـەوە لـەوەیش کـە ڕێگـری لـێ کردووە و سەرزەنشـتی لەسەر کردووە ، وە باوەڕهێنان بەوەیش کە ڕێڕەو و ڕێبازەکەی ئـەو تـەواوترین و کـامڵترین ڕێـڕەو و ڕێبـازە و شـەریعەت و بەرنامەکەشـی تـەواوترین و کـامڵترین شەریعەت و بەرنامەیە ، وە هـیچ شـەریعەتێك یـان بەرنامەیـەك پـێش شـەریعەت و بەرنامەکەی ئەو نەخرێت هەر سەرچاوەیەکی هەبێت ، خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ [النساء].

واتە : سوێند بـە پـەروەردگارت ئـەی پێغەمبـەر ئـەو خەڵکـە بـاوەڕ نـاهێنن و بێبـاوەڕن تـاوەکو تـۆ نەکـەن بـە دادوەر لـەو شـتانەدا کـە نـاکۆکی دەکەوێتـە نێوانیانەوە تێیدا و ئەنجا لە ناخیانەوە دڵگران نەبن بەو بڕیارەی تۆ و ملکـەچ بـبن بە تەواوی .

هــــەروەها فەرموویـــەتی : ﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣١ ﴾ [آل عمران].

واتە : ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ : ئەگەر ئێوە خواتان خۆشدەوێت ئەوا شوێنی من بکەون [لە پاداشتی ئەمەشدا] خوا خۆشتانی دەوێت و لە تاوانەکانتان خۆشدەبێت ، خوایش لێبووردە و بە بەزەییە .

*** وە بەشێکی تر لە حەق و مافەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بریتییە لە :** دیفاع و بەرگری کردن لە شەریعەت و بەرنامە و ڕێڕەو و ڕێبازەکەی بەوەی کە لە توانای مرۆڤدا هەیە لە هێز و بە پێی ئەو چەکەی کە بارودۆخ دەیخوازێت ، جا ئەگەر دوژمن بە بەڵگە و گومانەوە هێرشی کرد ئەوا بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشەیان بە زانست و پوچەڵکردنەوەی بەڵگە و گومانەکانیان و دەرخستنی خراپێتیان دەبێت ، وە ئەگەر بە چەك و تۆپهاوێژ هێرشیان کرد ئەوا بەرپەرچدانەوەی بە وێنەی ئەوە دەکرێت .

وە بۆ هیچ ئیماندارێك ناکرێت ببیستێت هێرش دەکرێتەسەر شەریعەتەکەی پێغەمبەر (ﷺ) یان بۆ سەر خوودی پیرۆزی خۆی و ئەویش لە ئاست ئەوەدا بێدەنگ ببێت لە کاتێکدا کە توانای بەرگری کردنیشی هەبێت .

## حەق و مافــی سێیەم : حەق و مافــی بــاوك و دایك

هــیچ کەســێك نکــۆڵی ناکــات لــە فــەزڵ و چــاکەی بــاوك و دایــك بەســەر منداڵەکانیانەوە ، باوك و دایك هۆکاری پەیدابوونی منداڵن ، وە هــەردووکیان حــەق و مافێکی گەورەیان هەیــە بەســەریەوە ، چــونکە ئــەوان بــە بچــوکی پــەروەردەیان کردووە و پێیانگەیاندووە و لە پێناو ئارامی ئەودا مانــدوو بوونــە و شــەونخوونییان کردووە لە پێناو خەولێکــەوتنی ئــەو ، دایکــت لــە سکیــدا هەڵتدەگــرێت و لەســەر حیسابی خۆراك و تەندروستی ئەو دەژیت ـ زۆربەی جار ـ بــۆ مــاوەی نــۆ مــانگ ، هەروەکو چۆن خوای گــەورە ئامــاژەی بــۆ ئــەوە کــردووە لــەم فەرمایشــتەیدا : ﴿ حَمَلَتۡهُ أُمُّهُۥ وَهۡنًا عَلَىٰ وَهۡنٍ ﴿١٤﴾ ﴾ [لقمان].

واتە : دایکی هەڵیگرتووە بە لاوازی لەسەر لاوازی .

ئەنجا لــە پــاش ئــەوە دایــەنی کــردن و شــیرپێدان بــۆ مــاوەی دوو ســاڵ لەگــەڵ ماندووبوون و مەینەتی و ناڕەحەتی .

باوکیش بەهەمان شێوە هەوڵدەدات بۆ دابینکردنی ژیــان و بــژێوی تــۆ هــەر لــە کاتی بچــوکیتەوە تــاوەکو پێدەگــەیت و دەگەیتــە ئــەو کاتــەی کــە بتوانیــت خــۆت بەڕێوەببەیت ، وە هەوڵدەدات بۆ پەروەردەکردن و ڕێنماییکردنــت لــە کاتێکدا کــە تۆ هیچت بەدەست نی‌یە بــۆ خــۆت لــە زیــان و لــە قــازانج ، وە لەبــەر ئــەوە خــوای

گەورە فەرمانی کردووە بە منداڵ بە چاکەکردن لەگەڵ باوك و دایکدا وەکو چاکەلەگەڵدا کردن و شوکرانە و سوپاس کردنیان ، خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَٰلُهُۥ فِى عَامَيْنِ أَنِ ٱشْكُرْ لِى وَلِوَٰلِدَيْكَ إِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٤﴾ ﴾ [لقمان].

واتە : ئامۆژگاری مرۆڤمان کردووە بە باوك و دایکی بەوەی کە چاك بێت لەگەڵیاندا چونکە دایکی هەڵیگرتووە بە لاوازی لەسەر لاوازی و بڕینەوەی لە شیرپێدان لە تەمەنی دووساڵیدا ، شوکر و سوپاسی من بکە و هەروەها شوکر و سوپاسی باوك و دایکیشت بکە و گەڕانەوەش بۆلای منە .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا ﴿٢٤﴾ ﴾ [الإسراء].

واتە : پەروەردگارت بڕیاریداوە بەوەی کە نابێت هیچ شتێك بپەرستن جگە لە ئەو نەبێت ، وە بەوەش کە چاك بن لەگەڵ باوك و دایکدا ، یان لای تۆ دەگەنە تەمەنی گەورەیی یەکێکیان یاخود هەردووکیان ئەو کاتە پێیان مەڵێ ئۆف و هەڵمەکۆڵێ پێیاندا و بە گژیاندامەچۆ و وتەیەکی باش و نەرم و بەڕێزیان پێ بڵێ

﴿٢٣﴾ وە باڵی خۆبەکەمزانینیان بۆ دانوێنە بە هۆی بەزەییپێداهاتنەوەت پێیان و بڵێ : ئەی پەروەردگار ڕەحمیان پێبکە هەروەکو چۆن ئەوان بە بچوکی منیان پەروەردەکرد و پێگەیاند .

* بەڕاستی حەق و مافی باوك و دایك بەسەرتەوە ئەوەیە کە چاك بیت لەگەڵیاندا ، ئەویش بەوەی کە چاکەکار بیت لەگەڵیان بە وتە و بە کردەوە و بە ماڵ و بە لەش ، فەرمانەکانیان بەجێبێنیت و جێبەجێیان بکەیت ئەگەر لەسەرپێچی خوادا نەبێت ، وە لە شتانێکیشدا نەبێت کە زیان و زەرەری هەبێت لەسەرت ، وتەی نەرمونیانیان پێ بڵێ ، وە ڕووت خۆش بێت لەگەڵیان ، وە هەستیت بە خزمەتکردنیان بەو شێوازەی کە شیاو و گونجاوە بۆیان ، وە غەمبار و بێتاقەت نەبیت لێیان لە کاتی گەورەبوون و نەخۆشکەوتن و بێهێز و لاواز بوونیان ، وە ئەم کارانەت بۆیان لەسەر خۆت بە قورس دانەنەیت ، چونکە تۆیش لە داهاتوودا دەگەیتە ئەو ئاستەی ئەوان ، تۆیش دەبیتە باوك هەروەکو چۆن ئەوان باوك و دایك بوون ، تۆیش لە داهاتوودا لای منداڵەکانت دەگەیتە تەمەنی گەورەبوون ـ ئەگەر لە قەدەری خوا وادانرابێت کە بمێنیتەوە ـ هەروەکو چۆن ئەوان لای تۆ گەیشتوونەتە ئەو تەمەنە ، ئەو کاتە تۆیش پێویست دەبیت بە چاکێتی منداڵەکانت هەروەکو چۆن ئەوان پێویست بوون بۆ چاکێتی تۆ ، جا ئەگەر تۆ هەستایت بە چاکەکاری لەگەڵیاندا ئەوا مژدەی ئەجری گەورە و پاداشتی هاوۆینەت لێبێت ، چونکە هەرکەسێك چاکەکاربێت لەگەڵ باوك و دایکیدا ئەوا

منداڵەکانیشی چاکەکاردەبن لەگەڵ ئەودا ، وە هەرکەسێکیش خراپەکاربێت لەگەڵ باوك و دایکیدا و ئەزێتیان بدات ئەوا منداڵەکانیشی خراپەکاردەبن لەگەڵ ئەودا و ئەزێتی دەدەن ، وە پاداشت لە جۆری کردەوە خۆیەتی و بەهەرجۆرێك قەرز بدەیت بەهەمان جۆر وەریدەگریتەوە .

* وە خوای گەورە پلەی حەق و مافی باوك و دایکی لە پلەیەکی گەورە و بەرزدا داناوە چونکە حەق و مافی هەردووکیانی لە پاش حەق و مافی خۆی ـ کە ئەو حەقەیش لە خۆدەگرێت ـ و حەق و مافی پێغەمبەرەکەی داناوە .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا ﴿٣٦﴾﴾ [النساء].

واتە : خوا بپەرستن بە تەنها و هیچ شتێك مەکەن بە شەریکی و چاکە بکەن لەگەڵ باوکان و دایکاندا .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿أَنِ ٱشۡكُرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيۡكَ ﴿١٤﴾﴾ [لقمان] ، واتە : شوکر و سوپاسی من بکە و هەروەها شوکر و سوپاسی باوك و دایکیشت بکە .

وە پێغەمبەریش (ﷺ) چاکەکاری لەگەڵ باوك و دایکدا پێش خستووە بەسەر جیهاد و تێکۆشان لە پێناو خوادا هەروەکو لە فەرموودەکەی (عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مَسْعُود

ﷺ)دا هـاتووە فەرموویـەتی : ((سَأَلْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) أَيُّ الْعَمَلِ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ ؟ قَالَ : الصَّلاَةُ عَلَى وَقْتِهَا ، قُلْتُ : ثُمَّ أَيُّ ؟ قَالَ : **ثُمَّ بِرُّ الْوَالِدَيْنِ** ،

قُلْتُ : ثُمَّ أَيُّ ؟ قَالَ : الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ))[١].

**واتە : پرسیارم کرد لـە پێغەمبـەر (ﷺ) و وتم : ئایا خۆشەویسترین کردەوە لای خوا کامەیە ؟ فەرمووی : نوێژکردن لە کاتی خۆیدا ، وتم : ئـەنجا چـی تـر ؟ فـەرمووی : ئـەنجا چاکەکردن لەگـەڵ بـاوك و دایکـدا ، وتم : ئـەنجا چـی تـر ؟ فەرمووی : جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خوادا .**

**وە ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر گرنگی و بایـەخی حـەق و مافـی بـاوك و دایك کـە زۆرێـك لـە خـەڵك لـە دەسـتیانداوە و بـەرەو خراپـەکاری و ئەزێتـدان و پچـڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ باوك و دایکدا ڕۆیشتوون ، بۆیە دەبینیـت یـەکێك لـەو خەڵکانە هیچ حـەق و مافێـك بـەڕەوا نابینێـت نـە بـۆ بـاوکی و نـە بـۆ دایکـی ، وە هەندێك جاریش بە چـاوێکی سـوکەوە سـەیریان دەکـات و بـە کـەمیان دادەنێـت و خـۆی بـەرزڕادەگرێت بەسـەریانەوە ، وە ئـەو کەسـە لـە داهـاتوودا دەگاتـەوە بـە نموونـەی ئـەم کـار و هەڵوێسـتەی لـە پاداشـتی پێشـخراوی دونیـا و دواخـراوی دواڕۆژیش .**

---

[١] أخرجه البخاري ، كتاب مواقيت الصلاة ، باب فضل الصلاة لوقتها ، رقم : (٥٢٧) ، ومسلم ، كتاب الإِيمَان ، باب بَيَانِ كَوْنِ الإِيمَانِ بِاللَّهِ تَعَالَى أَفْضَلَ الأَعْمَالِ ، رقم : (٨٥) .

## حەق و مافی چوارەم : حەق و مافــی منداڵان

منداڵان کوڕان و کچانیش دەگرێتــەوە ، وە حــەق و مافــی منـداڵان زۆرن و لـە گرنگترینیان : پەروەردەکردنە کە بریتـی‌یـە لـە برەوپێـدان و گەشـەپێدانی ئـاین و ڕەوشت (دین و ئەخلاق) لە ناخیاندا بۆ ئەوەی لەمەدا لەسەر ئاستی گـەورە بـن ، خــوای گــەورە فەرموویــەتی : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ ٦﴾ [التحريم].

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆتان و کەسوکارتان (خێـزان و منداڵەکانتان) بپارێزن لە ئاگرێك کە سوتەمەنییەکەی خەڵك و بەردە .

وە پێغەمبــەریش (ﷺ) فەرموویــەتی : ((كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ فِي أَهْلِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ)).(1)

واتە : هەمووتان سەرپەرشتیارن و هـەمووتانیش بەرپرسـن لەسـەر ئـەوەی کـە سەرپەرشــتیاری کردنــی لــە ئەســتۆتاندایە ، وە پیــاو سەرپەرشــتیارە لــە نــاو خێزانەکەیدا و بەرپرسیشە لەسەر ئەوەی کە سەرپەرشتیارێتی دەکات .

---

(1) أخرجه البخاري ، كتاب الجمعة ، باب الجمعة في القرى والمدن ، رقم : (٨٩٣) ، ومسلم ، كتاب الإمَارة ، باب فَضِيلَةِ الإِمَامِ الْعَادِلِ وَعُقُوبَةِ الْجَائِرِ وَالْحَثِّ عَلَى الرِّفْقِ بِالرَّعِيَّةِ ... رقم : (١٨٢٧) .

بۆیە منداڵان ڕاسپاردە و ئەمانەتن لە گەردنی باوکان و دایکاندا و هەردووکیان لێیان بەرپرسیارن لە ڕۆژی قیامەتدا ، وە بە پەروەردەکردنیان پەروەردەکردنێکی ئاینی و ئەخلاقی باوکان و دایکان لە ژێر بار و بەرپرسیارێتی ئەم سەرپەرشتیارکراوانە دەردەچن و منداڵەکانیش چاك دەبن و دەبنە مایەی ئۆقرەگرتنی چاوی باوکان و دایکان لە دونیا و دواڕۆژدا ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱتَّبَعَتۡهُمۡ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ أَلۡحَقۡنَا بِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَمَآ أَلَتۡنَٰهُم مِّنۡ عَمَلِهِم مِّن شَيۡءٖۚ كُلُّ ٱمۡرِيِٕۭ بِمَا كَسَبَ رَهِينٞ ﴿٢١﴾ ﴾ [الطور] ــ (وَمَا أَلَتْنَاهُمْ) أي : وما نقصناهم ـ.

واتە : وە ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و نەوەکانیشیان بە ئیمانەوە بە دوایانەوە هاتوون و شوێنیان کەوتوون ئێمە نەوەکانیان دەگەیەنین پێیان و هیچ لە کردەوەی ئەوانیش کەمناکەینەوە ، هەموو کەسێکیش وابەستەیە بە کردەوەکانی خۆیەوە .

وە پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت : ((إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثَةٍ : إِلَّا مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ)).[1]

---

(١) أخرجه مسلم ، كتاب الوصية ، باب مَا يَلْحَقُ الإِنْسَانَ مِنَ الثَّوَابِ بَعْدَ وَفَاتِهِ ، رقم : (١٦٣١) .

واتە : ئەگەر مرۆڤـ مرد ئەوا کردەوەکانی دەبڕێتەوە تەنها لە سێ شتدا نەبێت : ئیللا لە بەخشینێکی نەبڕاوە یان زانستێك کە سوودی لێ ببینرێت یان منداڵێکی چاك و صالح دوعای بۆ بکات .

ئا ئەمە لە بەروبوومی پەروەردەکردن و تەمێکردنی منداڵە ئەگەر پەروەردە ببێت بە پەروەردەیەکی چاك کەوا سوودی هەبێت بۆ باوك و دایکی تەنانەت لە دوای مردنیشیان .

* وە زۆرێك لە باوکان و دایکان ئەم حەق و مافەیان فەرامۆش کردووە و منداڵەکانیان دۆڕاندووە و لەبیریان کردوون وەکو بڵێی بەرپرسیارێتی ئەوان لەسەر ئەمان نییە ، پرسیار ناکەن : بۆ کوێ ڕۆیشتوون و کەی هاتوون ؟ هەروەها پرسیار ناکەن : هاوڕێ و برادەرەکانیان کێن ؟ وە ڕێنماییان ناکەن بەرەو خێر و چاکە و ڕێگری شەڕ و خراپەشیان لێناکەن .

وە جێی سەرسوڕمانە کە ئەو جۆرە باوك و دایکانە بە هەموو شێوەیەك سوورن لەسەر ماڵ و سامانەکانیان بە پاراستنی و گەشەپێدانی و شەونخوونی کردن لەسەر ئەوەی کە باشی دەکات ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان ئەم ماڵ و سامانە گەشەپێدەکەن و چاك و باشی دەکەن بۆ جگە لە خۆیان ـ زۆربەی جار ـ ، بەڵام منداڵەکانیان بە هیچ شێوەیەك جێی بایەخ پێدانی ئەوان نین ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە پارێزگاری کردنیان لەسەر منداڵەکانیان لە پێشترە و بە سوودترە بۆ

دونیا و دوارِۆژیش ، وە هەروەکو چۆن پێویستە لەسەر باوك خۆراکی لەشی منداڵ دابین بکات بە خواردن و خواردنەوە پێدانی و پۆشینی لەشی بە جل و بەرگ بەهەمان شێوە پێویستیشە لەسەری کەوا خۆراکی دڵی منداڵەکەی دابین بکات بە زانست و ئیمان ، وە ڕۆحیشی بپۆشێت بە پۆشاکی تەقوا و لەخواترسان ئا ئەوە باشترە .

* وە بەشێك لە حەق و مافەکانی منداڵ ئەوەیە : کە بە چاکە خەرجییان بکێشێت و بژێوی ژیانیان دابین بکات بە بێ سنوورتێپەڕاندن و بە بێ کەمتەرخەمی ، چونکە ئەوە لە ئەرکە پێویستەکانی منداڵەکانیەتی لەسەری ، وە بەشێکە لە شوکر و سوپاس کردنی نیعمەتەکانی خوا بەسەریەوە بەوەی کە پێیبەخشیوە لە ماڵ و سامان ، وە ئەو چۆن لە ماوەی ژیانی خۆیدا ماڵ و سامانیان لێ‌دەگرێتەوە و ڕەزیلی و بەخیلیان لە ئاستدا دەکات بۆ ئەوەی کۆیبکاتەوە بۆیان تاوەکو بە زۆری زۆرداری لێیی ببەن لە پاش مردنی ؟ وە ئەگەر تەنانەت ڕەزیلی و بەخیلی کرد لە ئاستیاندا بەوەی کە واجب و پێویستە ئەوا بۆیان هەیە لە ماڵەکەی ببەن ئەوەندەی کە بەشیان بکات بە چاکە و ئەوەی کە باوە لە ناو خەڵکی باشدا هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەتوای بەوەداوە بۆ (هِنْدُ بِنْتُ عُتْبَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا)[١].

---

[١] أخرجه البخاري ، كتاب النفقات ، باب إذا لم ينفق الرجل فللمراة أن تأخذ بغير علمه ما يكفيها وولدها من معروف ، رقم : (٥٣٦٤) ، ومسلم ، كتاب الأقضية ، باب قَضِيَّةِ هِنْدٍ ، رقم : (٤٤٥٢) .

* وه بەشێکی تر لە حەق و مافەکانی منداڵ ئەوەیە : کە فەزڵی یەکێکیان نەدات بەسەر یەکێکی تریانەوە بەوەی کە زیاتر یان باشتری پێبدات لە ماڵ پێبەخشین و ماڵ پێدان بە دیاری لە پێش مردن ، نابێت شتێك بدات بە هەندێك لە منداڵەکانی و ئەوانی تر مەحروم و بێبەش بکات ، چونکە ئەوە زوڵم و ستەمە ، وە خوای گەورەیش کەسانی زاڵم و ستەمکاری خۆشناوێت ، وە لەبەر ئەوەیش کە ئەو کارە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کە مەحروم و بێبەشکراوەکان بڕەتێنێتەوە و هەڵبێنەوە و دوژمنایەتیش بخاتە نێوان ئەمان و ئەوانەی کە ماڵیان پێبەخشراوە و پێدراوە ، بەڵکو هەندێك جار دوژمنایەتیش دەخاتە نێوان بێبەشکراوەکان و باوکەکانیانەوە ، وە هەندێك لە خەڵك یەکێك لە منداڵەکانی هەڵئەکەوێت و تایبەت دەبێت بەسەر ئەوانەی ترەوە بە چاکەکاری و سۆزدەربڕین بەسەر باوك و دایکیەوە و لەو کاتەدا باوکی ئەمەیان تایبەت دەکات بە پێبەخشین و ماڵ پێدان بە دیاری لە پێناو ئەوەی کە ئەم پێی هەڵکەوتووە و تایبەت بووە لە چاکەکاری لە ئاستیان ، بەڵام ئەمە نابێتە ڕێپێدەر بۆ ئەو تایبەت کردنە لە ماڵ پێدان ، دروست نییە ئەوەیان کە لە نێوان منداڵەکاندا هەڵکەوتووە و تایبەتە بە چاکەکاری لەگەڵ باوك و دایکدا لە بری ئەو چاکەکاریەی ماڵی پێبدرێت جگە لە ئەوانەی تر ، چونکە ئەجر و پاداشتی چاکەکاریەکەی لەسەر خوایە ، وە لەبەر ئەوەیش کە تایبەت کردنی منداڵی چاکەکار بە ماڵ پێدان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە سەرسام ببێت بە چاکەکاریەکەی و وا ببینێت کە خاوەن فەزڵ و

چاکەیە ، وە دەبێتە هۆی ڕەتاندنەوەی ئەوەی تر و بەردەوام بوونی لەسەر ئەزێتدان و خراپبوونی لەگەڵ باوك و دایکیدا ، ئەنجا ئێمەیش نازانین جاری واهەیە بارودۆخەکان دەگۆڕێن و چاکەکارەکە هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە کەسێکی ئەزێتدەر و خراپەکار لەگەڵ باوك و دایکدا و ئەزێتدەر و خراپەکارەکەش هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە کەسێکی چاکەکار ، چونکە دڵەکان لە دەستی خوادایە هەڵیاندەگێڕێتەوە چۆن بیەوێت .

وە لە هەردوو (صەحیحی بوخاری و موسلیم)دا هاتووە لە (النُّعْمَان)ی کوڕی (بَشِير)ەوە (رَضِيَ اللهُ عَنهما) کە باوکی (بَشِير)ی کوڕی (سَعْد) کۆیلە و خزمەتکارێکی پێبەخشیوە و هەواڵی ئەوەشیداوە بە پێغەمبەر (ﷺ) ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی : ((أَكُلَّ وَلَدِكَ نَحَلْتَهُ مِثْلَ هَذَا ؟)) واتە : ئایا بە نموونەی ئەمەت بەخشیوە بە هەموو منداڵەکانت ؟ وتی :

نەخێر ، فەرمووی : ((فَارْجِعْهُ))[1] واتە : کەواتە بیگێڕەوە .

وە لە ریواتێکی تردا هاتووە فەرموویەتی : ((اتَّقُوا اللَّهَ وَاعْدِلُوا فِي أَوْلاَدِكُمْ))[2] واتە : لەخوابترسن و عەدالەت و دادوەر بن لە نێوان منداڵەکانتان .

---

(١) أخرجه البخاري ، كتاب الهبة ، باب الهبة للولد وإذا أعطى بعض ولده شيئا لم يجز حتى يعدل بينهم ... ، رقم : (٢٥٨٧) ، ومسلم ، كتاب الهبات ، باب كَرَاهَةِ تَفْضِيلِ بَعْضِ الأَوْلاَدِ فِى الْهِبَةِ ، رقم : (١٦٢٣) .

(٢) أخرجه البخاري ، كتاب الهبة ، باب الإشهاد في الهبة ، رقم : (٢٥٨٨) ، ومسلم ، كتاب الهبات ، باب كَرَاهَةِ تَفْضِيلِ بَعْضِ الأَوْلاَدِ فِى الْهِبَةِ ، رقم : (١٦٢٣) .

وە لـە لـەفزێکی تـردا هـاتووە فەرموويـەتی : ((أَشْهِدْ عَلَى هَذَا غَيْرِي ، فَإِنِّي لاَ أَشْهَدُ عَلَى جَوْرٍ))[3] واتە : کەسێکی تر جگە لە من بکە بە شايەت بەسـەر ئەمـەوە چونکە من نابمە شايەت بەسەر ستەم کردنەوە .

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەزڵـدانی هەنـدێك لـە منداڵـەکانی بەســەر هەنـدێکی تريانەوە بە ستەمکردن ناوبرد ، وە ستەمکردنيش زوڵمە و حەرامە .

بەڵام ئەگەر شتێکی دا بە هەندێکيان کە پێويستی پێيـەتی و ئـەوەی دووەميـان پێويسـتی بـەو شـتە نـیيە بـۆ نموونـە يـەکێك لـە منداڵـەکان پێويسـتی هەيـە بـە پێداويستی کتێبخانە يان عيلاج و چارەسەر يان ژن هێنان ئەوا هيچـی تێـدا نـیيـە تايبەتی بکات بەوەی کە پێويستی پێيەتی ، چونکە ئەم تايبـەت کردنـە لـە پێنـاو پێويست بوونە و ئەو کاتە وەکو خەرجی بۆ کردن و بژێوی بۆ دابين کردن وايە .

وە هــەر کاتێـك بـاوك هەسـتا بـەوەی کـە پێويسـتە لەســەری بـۆ منـداڵ لـە پەروەردەکردن و خەرجی بۆ کردن ئەوا شايستەيە کە ئـەو منداڵـە موەفـەق ببێـت بە هەستان بە چاکەکردن لەگەڵ بـاوکی و لەبەرچـاوگرتنی حـەق و مافـەکانی ، وە هەر کاتێکيش باوك کەمتەرخەمی کرد لەوەدا کە پێويستە لەسەری ئەوا شايستەی سزادان و تۆڵەلێکردنەوەيە بەوەی کە منداڵ نکوڵی لـە حـەق و مافـەکانی بکـات و

[3] أخرجه البخاري ، كتاب الشهادات ، باب لا يشهد على شهادة جور إذا أُشْهِدَ ، رقم : (٢٦٥٠) ، ومسلم ، كتاب الهبات ، باب كَرَاهَةِ تَفْضِيلِ بَعْضِ الأَوْلاَدِ فِى الْهِبَةِ ، رقم : (١٦٢٣) .

تاقی بکرێتەوە و گرفتار ببێت بە سزادان و تۆڵەلێکردنەوە وەکو پاداشتێکی هاوتا و بەرامبەر و بەهەرجۆرێك قەرز بدەیت بەهەمان جۆر وەریدەگریتەوە .

❁ ❁ ❁

## حەق و مافی پێنجەم : حەق و مافی خزم و کەسوکار

کەسانی نزیك و خزم کە لە نزیکی و خزمایەتیدا دەگەن بە تۆ وەکو برا و مام و خاڵ و منداڵەکانیان ، هەروەها هەرکەسێك پەیوەندیەکی هەبێت بە تۆوە ئەوا حەق و مافی ئەم نزیکی و خزمایەتییەی هەیە بە پێی نزیك بوونی لێتەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَءَاتِ ذَا ٱلۡقُرۡبَىٰ حَقَّهُۥ ﴿٢٦﴾ ﴾ [الإسراء] ، واتە : وە حەق و مافی کەسانی خاوەن نزیکێتی و خزمایەتی بدە .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا وَبِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ ﴿٣٦﴾ ﴾ [النساء] .

واتە : خوا بپەرستن بە تەنها و هیچ شتێك مەکەن بە شەریکی و چاکە بکەن لەگەڵ باوکان و دایکان و خزم و کەسوکاردا .

بۆیە پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی نزیك و خزم پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت بە چاکە و ئەوەی کە باوە بە بەخشینی حورمەتداری و سوودپێگەیاندنی جەستەیی و سوودپێگەیاندنی مادی و ماڵی بە پێی ئەوەی کە بەهێزبوونی خزمایەتی و پێویست بوون دەیخوازێت ، وە ئەمەیش ئەوەیە کە شەرع و ژیری و سروشتی مرۆڤ دەیخوازێت .

وە چەندین دەقی زۆر هاتووە سەبارەت بە هاندان لەسەر گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی ـ کە بریتین لە کەسانی نزیك ـ و سەرنجڕاکێشان بۆ ئەوە ، وە لە هەردوو (صەحیحی بوخاری و موسلیم)دا هاتووە لە (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (رضي الله عنه) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّ اللَّهَ خَلَقَ الْخَلْقَ حَتَّى إِذَا فَرَغَ مِنْهُمْ قَامَتِ الرَّحِمُ فَقَالَتْ : هَذَا مَقَامُ الْعَائِذِ مِنَ الْقَطِيعَةِ ، فَقَالَ اللَّهُ : نَعَمْ ، أَمَا تَرْضَيْنَ أَنْ أَصِلَ مَنْ وَصَلَكِ وَأَقْطَعَ مَنْ قَطَعَكِ ؟ قَالَتْ : بَلَى ، قَالَ : فَذَاكَ لَكِ ، ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : اقْرَءُوا إِنْ شِئْتُمْ : ﴿فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰ أَبْصَارَهُمْ ﴿٢٣﴾﴾ [محمد]))[١].

واتە : خوای گەورە بونەوەری دروست کرد و کاتێك لێبوویەوە لە دروست کردنیان خزمایەتی هەستا و وتی : ئەم وەستانەم وەستانی پەناگرێکە بە تۆ لە

[١] أخرجه البخاري ، كتاب الأدب ، باب من وصل وصله الله ، رقم : (٥٩٨٧) ، ومسلم ، كتاب البر والصلة والآداب ، باب صِلَةِ الرَّحِمِ وَتَحْرِيمِ قَطِيعَتِهَا ، رقم : (٢٥٥٤) .

پچڕاندن ، خوایش فەرمووی : ئایا ڕازی نابیت بەوەی کە من خۆم بگەیەنم بە ئەو کەسەی کە تۆ دەگەیەنێت و خۆم بپچڕێنم لە ئەو کەسەی کە تۆ دەپچڕێنێت ؟ وتی : بەڵێ بەوە ڕازیم ، فەرمووی : دەی ئەوە بۆ تۆ ، ئەنجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ئەگەر دەتانەوێت ئەم ئایەتە بخوێننەوە : ﴿ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوٓا۟ أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰٓ أَبْصَـٰرَهُمْ ﴾ واتە : ئەی ئەگەر ئێوە پشتان کرد لە حەق و گوێڕایەڵی کردنی بڕیارەکانی خوا و لەسەر زەویدا گەندەڵکاری و فەساد و خراپەکاریتان کرد و پەیوەندی خزمایەتیتان پچڕاند ﴿٢٢﴾ ئا ئەو کەسانە خوا لەعنەتی لێکردوون و کەڕی کردوون و چاوەکانیانی کوێرکردووە لە ئاست بیستن و بینینی حەقدا .

وە پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ)).(1)

واتە : هەرکەسێك باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە ئەوا با پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت لەگەڵ خزمەکانی .

وە زۆرێك لە خەڵك هەن کە ئەم حەق و مافەیان لەدەستداوە و کەمتەرخەمن تێیدا ، یەکێك لەوانە دەبینیت خزمەکانی خۆی ناناسێتەوە و بەسەریان ناکاتەوە

---

(١) أخرجه البخاري ، كتاب الأدب ، باب إكرام الضيف وخدمته إياه بنفسه ، رقم : (٦١٣٨) .

بە گەیاندن و هەبوونی پەیوەندی لەگەڵیاندا نە بە ماڵ و سامان و نە بە حورمەتداری و نە بە ڕەوشت و ئەخلاقی ، چەندین ڕۆژ و مانگی بەسەردا تێپەڕ دەبێت کە چی ئەو هەر نەیانیبینیوە و هەڵنەساوە بە سەردانی کردنیان ، وە خۆی خۆشەویست نەکردووە لایان بە دیاری بۆ کردنێك ، وە زەرورەتێك یان پێویستییەکی دەرنەکردوون ، بەڵکو لەوانەیە خراپەشی لەگەڵیان کردبێت بە وتە یان بە کردەوە ، وە یان بە وتە و بە کردەوەیش هەردووکیان پێکەوە ، پەیوەندی دەگەیەنێت لەگەڵ دوورەکاندا و هی نزیك و خزمەکانیش دەپچڕێنێت .

وە هەندێك لە خەڵکیش هەیە کە پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ خزمەکانیدا دەگەیەنێت ئەگەر ئەوان خزمایەتی لەگەڵدا بکەن و بەسەری بکەنەوە .. وە دەشیپچڕێنێت ئەگەر ئەوان خزمایەتی و پەیوەندی لەگەڵدا بپچڕێنن ، وە ئەمەیش لە ڕاستیدا پەیوەندی خزمایەتی بەجێهێنەر نییە بەڵکو پاداشتدەرەوەی چاکەیە بە نموونەی خۆی ، وە ئەمەیش بەدیهێنراوە بۆ کەسانی نزیك و جگە لەویش ، چونکە پاداشتدانەوە و چاکە لە بەرامبەردا کردن تایبەت نییە بە کەسانی نزیك و خزمەوە ، وە پەیوەندی خزمایەتی بەجێهێنەر لە ڕاستیدا : ئەو کەسەیە کە پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنێت و خزمەکانی بەسەردەکاتەوە لەبەر خوا و گوێ نادات بەوەی کە ئەوان پەیوەندی لەگەڵدا بگەیەنن یان بیپچڕێنن ئەمە یەکسانە بە لایەوە ، هەروەکو چۆن لە (صەحیحی بوخاری)دا هاتووە لە (عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَمْرِو بْنِ

الْعَاص)وە (رضي الله عنهما) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((لَيْسَ الْوَاصِلُ بِالْمُكَافِئِ ، وَلَكِنْ الْوَاصِلُ الَّذِي إِذَا قُطِعَتْ رَحِمُهُ وَصَلَهَا)).[1]

**واتە : پەیوەندی خزمایەتی بەجێهێنەر ئەو کەسە نیە کە پاداشتدەرەوەیە و لەبەرامبەردا خزمەکانی بەسەر دەکاتەوە ، بەڵکو پەیوەندی خزمایەتی بەجێهێنەر ئەو کەسەیە کە ئەگەر پەیوەندی خزمایەتیشی لەگەڵدا بپچڕێنرێت ئەو هەر دەیگەیەنێت .**

**وە پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) و وتی :** ((يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ لِي قَرَابَةً أَصِلُهُمْ وَيَقْطَعُونِي ، وَأُحْسِنُ إِلَيْهِمْ وَيُسِيئُونَ إِلَيَّ ، وَأَحْلُمُ عَنْهُمْ وَيَجْهَلُونَ عَلَيَّ صدق الله العظيم

فَقَالَ النَّبِيُّ : لَئِنْ كُنْتَ كَمَا قُلْتَ فَكَأَنَّمَا تُسِفُّهُمُ الْمَلَّ ، وَلاَ يَزَالُ مَعَكَ مِنَ اللَّهِ ظَهِيرٌ عَلَيْهِمْ مَا دُمْتَ عَلَى ذَلِكَ))[١].

**واتە : ئەی پێغەمبەری خوا من هەندێك خزمم هەیە پەیوەندی خزمایەتیان لەگەڵدا بەجێدێنم و بەسەریان دەکەمەوە بەڵام ئەوان پەیوەندی خزمایەتیان لەگەڵ مندا پچڕاندووە و نایگەیەنن ، وە من چاکەیان لەگەڵدا دەکەم و بەڵام ئەوان خراپەم دەرحەق دەکەن ، وە من چاوپۆشی لە هەڵەکانیان دەکەم و**

---

[١] أخرجه البخاري ، كتاب الأدب ، باب لَيْسَ الْوَاصِلُ بِالْمُكَافِئِ ، رقم : (٥٩٩١) .

[١] أخرجه مسلم ، كتاب البر والصلة والآداب ، باب صِلَةِ الرَّحِمِ وَتَحْرِيمِ قَطِيعَتِهَا ، رقم : (٢٥٥٨) .

پشوودرێژ و خۆڕاگر دەبم لە ئاستیان بەڵام ئەوان کاری نەزانکارانە و نەفامکارانەم دەرحەق دەکەن .

فەرمووی : ئەگەر بەو شێوازە بێت کە تۆ دەیڵێیت ئەوا ئەوە وەکو ئەوەوایە کە تۆ خۆڵەمێش و سکڵی گەرم بدەیت بەدەرخواردیان ، وە تۆ لە لایەن خواوە بەردەوام پشتگیر و پشتیوانێکت هەیە لە بەرامبەریان ئەوەندەی کە تۆ لەسەر ئەوە بیت .

وە ئەگەر گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی هیچی تێدا نەبوایەت جگە لەوە نەبێت خوای گەورە خۆی بەو کەسە دەگەیەنێت کە پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنێت لە دونیا و دواڕۆژدا ، ڕەحمەت و بەزەیی پێدەگەیەنێت و کاروبارەکانی بۆ ئاسان دەکات و لە تەنگانە و ناڕەحەتیەکان دەریدەکات و لەگەڵ ئەوەیش کە لە گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتیدا هەیە لە نزیك بوونەوەی خێزانەکان لەیەکتر و دۆستایەتی و خۆشەویستی نێوانیان و سۆزدەربڕین و هاوکاری کردنی هەندێکیان بۆ هەندێکی تریان لە تەنگانە و خۆشیەکاندا و ئەو خۆشحاڵی و شادومانیەی کە بەوە بەدیدێت هەروەکو چۆن ئەمە تاقیکراوەتەوە و زانراوە ، وە هەموو ئەم سوودانەش پێچەوانە دەبێتەوە ئەگەر پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی جێی ئەوە بگرێتەوە و دووركەوتنەوە رووبدات .

۞ ۞ ۞

## حەق و مافی شەشەم : حەق و مافی ژن و مێرد

ژن هێنان و شوکردن و زەواج چەندین شوێنەواری گرنگ و داخوازی گەورەی هەیە ، چونکە زەواج کردن پێکەوەگرێدەری مێرد و هاوسەرەکەیەتی ، وە هەریەکێکیان وابەستە دەکات بە حەق و مافەکانی ئەوی ترەوە : حەق و مافە جەستەییەکان و حەق و مافە کۆمەڵایەتیەکان و حەق و مافە ماڵیەکانیش .

بۆیە پێویستە لەسەر هەردوو ژن و مێرد کەوا هەریەکێکیان بە چاکە و ئەوەی کە باوە هەڵسوکەوت و مامەڵە بکات لەگەڵ ئەوی تریاندا ، وە ئەو حەق و مافەی کە پێویستە بۆی پێی ببەخشێت بە ئەو پەڕی سنگفراوانی و ئاسانییەوە بە بێ پێناخۆشبوون و بێزاربوون و دواخستن ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ ﴿١٩﴾ ﴾ [النساء].

واتە : بە چاکە و ئەوەی کە باوە هەڵسوکەوت و مامەڵە بکەن لەگەڵ هاوسەرەکانتان .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَهُنَّ مِثۡلُ ٱلَّذِي عَلَيۡهِنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيۡهِنَّ دَرَجَةٞۗ ﴿٢٢٨﴾ ﴾ [البقرة] واتە : ئافرەتان حەق و مافیان بۆ هەیە بە چاکە و ئەوەی کە باوە بە وێنەی ئەو ئەرکانەی کە لەسەریانە ، وە پیاوانیش پلەیەکیان هەیە بەسەریانەوە .

هەروەها پێویستە لەسەر ئافرەتیش ئەوەی کە پێویستە لەسـەری بیبەخشـێت بە مێردەکەی پـێی ببەخشـێت ، وە هـەرکاتێك هەریـەکێك لـە ژن و مێـرد هەسـتا بەجێبەجێکردنی ئەوەی کە پێویستە لەسەری بۆ ئەوی تر ئەوا ژیانیان بەختەوەر دەبێت و پێکەوەژیان و تێکەڵبوونیان بەیەکتر بەردەوام دەبێـت ، وە ئەگـەر ئەمـە پێچەوانە ببێت ئەوا لێکترازان و ناکۆکی پەیدا دەبێت و ژیانی هەریـەکێکیان تـاڵ و ناخۆش دەبێت .

وە چـــەندین دەقـــی زۆر هـــاتوون ئامۆژگـــاری دەکـــەن بـــە ئـــافرەت و لەبەرچاوگرتنی حاڵ و بارودۆخیان ، وە کاملبوونی حـاڵیش مەحاڵـە ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی : ((اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا ، فَإِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ ، وَإِنَّ أَعْـوَجَ شَـيْءٍ فِـي الضِّـلَعِ أَعْـلاَهُ ، فَـإِنْ ذَهَبْـتَ تُقِيمُـهُ كَسَـرْتَهُ ، وَإِنْ تَرَكْتَـهُ لَمْ يَـزَلْ أَعْـوَجَ ، فَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا)).[1]

واتە : ئامۆژگـاریم قـەبوڵ بکـەن سـەبارەت بـە ئافرەتـان و چـاك بـن لەگـەڵیان چونکە من ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی کە بـاش بـن لەگـەڵ ئافرەتانـدا [وە یـان : داوای ئامۆژگاری لە خۆتان و لە جگـە لـە خۆتـانیش بکـەن بـەوەی کـە لـە ئاسـت ئافرەتاندا چاك بن] ، چونکە بەڕاستی ئـافرەت لـە پـەراسـویەك دروسـتکراوە ، وە لارترین شوێنیش لە پەراسودا لە سەرەوەیەتی ، جا ئەگەر بڕۆیـت بـۆ ئـەوەی کـە

(١) أخرجه البخاري ، كتاب أحاديث الأنبياء ، باب خلق آدم وذريته ، رقم : (٣٣٣١) ، ومسلم ، كتاب الرضاع ، باب الْوَصِيَّةِ بِالنِّسَاءِ ، رقم : (١٤٦٨) .

ڕێکی بکەیتەوە ئەوا دەیشکێنیت ، وە وازیشی لـێبێنیت ئـەوا بـەردەوام هەمیشـە لارە ، بۆیە ئامۆژگاریم قەبوڵ بکەن سـەبارەت بـە ئافرەتـان و چـاك بـن لەگـەڵیان چونکە من ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی کە بـاش بـن لەگـەڵ ئافرەتانـدا [وە یـان : داوای ئامۆژگاری لە خۆتان و لە جگـە لـە خۆتـانیش بکـەن بـەوەی کـە لـە ئاسـت ئافرەتاندا چاك بن].

وە لە ریوایەتێکی تردا هاتووە : ((إِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ ، وَلَنْ تَسْتَقِيمَ لَكَ عَلَى طَرِيقَةٍ ، فَإِنِ اسْتَمْتَعْتَ بِهَا اسْتَمْتَعْتَ بِهَا وَفِيْهَا عِوَجٌ ، وَإِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهَا كَسَرْتَهَا ، وَكَسْرُهَا طَلاَقُهَا)).[1]

واتە : بەڕاستی ئـافرەت لـە پـەراسـویەك دروسـتکراوە ، وە بـۆت ڕێـك و ڕاسـت نابێتەوە لەسەر یەك ڕێڕەو و یەك شێوازێك ، جا ئەگەر بتـەوێت چـێژی لـێببینیت ئەوا چێژی لـێدەبینیت و لاریەکەشی هەر تێدایە ، وە ئەگەر بڕۆیت بۆ ئەوەی کـە ڕێك و ڕاستی بکەیتەوە ئەوا دەیشکێنیت ، وە شکاندنیشی بریتـیە لە تەڵاقدانی .

هەروەها پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی : ((لاَ يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقاً رَضِيَ مِنْهَا خُلُقاً آخَرَ)).[1]

---

[1] أخرجه مسلم ، كتاب الرضاع ، باب الْوَصِيَّةِ بِالنِّسَاءِ ، رقم : (١٤٦٨) .

[1] أخرجه مسلم ، كتاب الرضاع ، باب الْوَصِيَّةِ بِالنِّسَاءِ ، رقم : (١٤٦٩) .

[ومعنى "لاَ يَفْرَكْ" : أي لا يُبغض] قاله الشيخ ابن العثيمين رحمه الله .

واتە : با پیاوی ئیماندار ڕق هەڵنەگرێت لە ئافرەتی ئیماندار ئەگەر ڕەوشتێکی ئەو ئافرەتەی پیێ ناخۆش بوو بەڵام لە هەمان کاتدا ڕازی بوو لە ڕەوشتێکی تری .

ئەم فەرموودانە ڕێنمایی پێغەمبەری (ﷺ) تێدایە بۆ ئوممەتەکەی بەوەی کە پیاو چۆن مامەڵە و هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ ئافرەتدا ، وە دەبێت پیاو ئەوە لە ئافرەت وەربگرێت کە لەبەردەستدا هەیە و پێی دەکرێت ، چونکە سروشتی ئافرەت کە لێیەوە دروستکراوە ئەوەیە کە ئافرەت لەسەر شێوازێکی کامڵ نییە بەڵکو هەر لاریەکی تێدایە ، وە پیاو ناتوانێت چێژی لێببینیت ئیللا تەنها لەسەر ئەو سروشتە نەبێت کە لەسەری دروستکراوە .

هەروەها ئەم فەرموودانە ئەوەشی تێدایە کە دەبێت مرۆڤ بەراوردی نێوان چاکەکان و خراپەکان بکات لە ئافرەتدا ، چونکە ئەگەر مرۆڤ ڕەوشتێکی لێی بینی کە پێی ناخۆش بوو ئەوا با بەراودی بکات بە ڕەوشتی دووەمی کە لێی ڕازیە تێیدا ، وە نابێت سەیری بکات بە چاوی لێتووڕەبوون و لێبێزاربوونەوە بە تەنها .

وە بەڕاستی زۆرێك لە پیاوان تەنها حاڵەت و شێوازی کامڵ و تەواویان دەوێت لە هاوسەرەکانیان و ئەمەش شتێکە کە نابێت و هەبوونی مەحاڵە ، وە بە هۆی ئەوەیشەوە دەکەونە ناو ناڕەحەتی و ناخۆشی و تاڵییەوە و ناتوانن چێژ و خۆشی ببەن لە هاوسەرەکانیان ، وە هەندێك جار ئەوەیش سەردەکێشێت بۆ

تەڵاقـدان و لەیـەکتر جیابوونـەوە هـەروەکو چـۆن پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی : ((وَإِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهَا كَسَرْتَهَا ، وَكَسْرُهَا طَلاَقُهَا)) واتە : وە ئەگەر بڕۆیت بۆ ئەوەی کـە ڕێك و ڕاستی بکەیتەوە ئەوا دەیشکێنیت ، وە شکاندنیشی بریتی‌یە لە تەڵاقدانی .

هەر بۆیە دەبێت مێرد ئاسانکاری بکات و چاوپۆشی بکـات لـە هـەموو شـتێك کە هاوسەرەکەی دەیکات بە مەرجێك ئەو شتانە کەموکوڕی و کـەلێن نەخەنـە نـاو دین و ئاینەوە یان شەرەف و نامووسەوە .

* وە بەشێك لە حەق و مافەکانی هاوسەر بەسـەر مێردەکەیـەوە ئەوەیـە : کـە ئەو مێردە هەستێت بە ئەرکی دابینکردنی بژێوی ژیانی لە خواردن و خواردنـەوە و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێبوون و ئـەو شـتانەیش کـە لەگـەڵ ئەمانـەن ، ئەمـەیش لەبەر فەرمایشتی خوای گـەورە : ﴿وَعَلَى ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ ﴿٢٣٣﴾﴾ [البقرة].

واتە : وە پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە منداڵی دەبێت (واتە : باوك) کە ڕزق و پۆشاکی (واتە : خـواردن و خواردنـەوە و جلوبـەرگی) دایکـی منداڵەکـەی دابـین بکات بە چاکە و ئەوەی کە باوە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((وَلَهُنَّ عَلَيْكُمْ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ)).[1]

واتە : وە ئافرەتانیش حەقیان هەیە بەسەر مێردەکانیانەوە کە بریتییە لە دابینکردنی ڕزق و پۆشاکیان بە چاکە و ئەوەی کە باوە .

وە پرسیاریشی لێکراوە : ((مَا حَقُّ زَوْجَةِ أَحَدِنَا عَلَيْهِ ؟)) واتە : ئایا حەق و مافی هاوسەری یەکێك لە ئێمە کامەیە ؟

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((أَنْ تُطْعِمَهَا إِذَا طَعِمْتَ ، وَتَكْسُوَهَا إِذَا اكْتَسَيْتَ ، وَلَا تَضْرِبْ الْوَجْهَ ، وَلَا تُقَبِّحْ ، وَلَا تَهْجُرْ إِلَّا فِي الْبَيْتِ)) رواه أبو داود صدق الله العظيم

واتە : خواردنی پێبدات هەرکاتێك کە داوای خواردنی کرد ، وە جلوبەرگی بۆ بکات هەرکاتێك کە داوای جلوبەرگی کرد ، وە نەدات لە ڕوومەتی ، وە پێی نەڵێت : خوا ناشیرینت بکات ، وە لێی دوورەپەرێزنەبێت و عاجزی دەرنەبڕێت لەگەڵیا تەنها لە ماڵدا نەبێت .

[1] أخرجه مسلم ، كتاب الحج ، باب حَجَّةِ النَّبِيّ (ﷺ) ، رقم : (٢١٣٧) .
[2] أخرجه أبو داود ، كتاب النكاح ، باب في حق المرأة على زوجها ، رقم : (٢١٤٢) ، وابن ماجه ، كتاب النكاح ، باب حق المرأة على الزوج ، رقم : (١٨٥٠) .

* وە بەشێکی تر لە حەق و مافەکانی هاوسەر بەسەر مێردەکەیەوە ئەوەیە : کە عەدالەت و دادوەر بێت لە نێوان هاوسەرەکەی و دراوسێکەی (واتە : هاوسەری دووەمی) ئەگەر دوو هاوسەری هەبوو ، عەدالەت و دادوەر بێت لە نێوانیان لە خەرجی بۆ کردن (الإنفاق) و شوێنی نیشتەجێبوون (السُّكنى) و لەلامانەوە لە شەودا بۆ خەوتن (المَبيت) و هەروەها لە هەر شتێکی تریش کە لە توانایدا هەبێت عەدالەت و دادوەر بێت تێیدا ، چونکە لادانەوە بەلای یەکێکیاندا تاوانێکی گەورەیە لە تاوانە گەورەکان ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ كَانَتْ لَهُ امْرَأَتَانِ فَمَالَ إِلَى إِحْدَاهُمَا جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَشِقُّهُ مَائِلٌ)).(1)

واتە : هەرکەسێك دوو هاوسەری هەبێت و لایدایەوە بەلای یەکێکیاندا ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دێت لایەکی کەوتووە .

بەڵام ئەوەی کە نەتوانێت عەدالەت و دادوەر ببێت تێیدا وەکو خۆشەویستی و ئاسوودەیی دەروون ئەوا تاوانی لەسەر نیە تێیدا چونکە ئەمە لە توانای خۆیدا نیە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓاْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ﴿١٢٩﴾ ﴾ [النساء].

---

(1) أخرجه أبو داود ، كتاب النكاح ، باب فِي الْقَسْمِ بَيْنَ النِّسَاءِ ، رقم : (٢١٣٣) ، والترمذي ، كتاب النكاح ، باب ما جاء في التسوية بين الضرائر ، رقم : (١١٤١) ، وابن ماجه ، كتاب النكاح ، باب الْقِسْمَةِ بَيْنَ النِّسَاءِ ، رقم : (١٩٦٩) .

واتە : وە ناتوانن عەدالەت و دادوەر بن لـە نێـوان هاوسـەرەکانتان ئەگـەر چـی سووریش بن لەسەر ئەوە .

وَعَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ : كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَقْسِمُ بَيْنَ نِسَائِهِ فَيَعْدِلُ وَيَقُولُ : ((اللَّهُمَّ هَذَا قَسْمِي فِيمَا أَمْلِكُ ، فَلاَ تَلُمْنِي فِيمَا تَمْلِكُ وَلاَ أَمْلِكُ)).[1]

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتی لامانەوە و بژێوی ژیانی دابـەش دەکـرد لـە نێوان خێزانەکانیدا و عەدالەت و دادوەر دەبوو تێیدا و پاشان دەیفـەرموو : خوایـە ئەمە دابەشکردنی منە لەوەدا کە لە توانامدا هەیـە و ئەوەشـم لـێمەگرە و لۆمـەم مەکە لەسەر ئەوەی کە لە توانای تۆدایە و لە توانای مندا نییە .

بەڵام ئەگەر فەزڵی یەکێکیانی دا بەسەر ئەوی تریاندا لە لادامانەوەی شەو بـە ڕەزامەندی خۆی ئەوا هیچی تێـدا نـییـە ، هـەروەکو چـۆن پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕۆژەکـەی (عَائِشَة) خـۆیی پـێدەدا و ڕۆژەکـەی (سَوْدَة)یـش کاتێـك کـە (سَوْدَة) ڕۆژەکەی خۆیی بەخشی بە (عَائِشَة)[١].

---

[١] أخرجه أبو داود ، كتاب النكاح ، باب فِي الْقَسْمِ بَيْنَ النِّسَاءِ ، رقم : (٢١٣٤) ، والترمذي ، كتاب النكاح ، باب ما جاء في التسوية بين الضرائر ، رقم : (١١٤٠) ، وابن ماجه ، كتاب النكاح ، باب الْقَسْمَةِ بَيْنَ النِّسَاءِ ، رقم : (١٩٧١) .

[١] أخرجه البخاري ، كتاب النكاح ، باب المرأة تهب يومها من زوجها لضرتها ، رقم : (٥٢١٢) .

وَعَنْ عَائِشَةَ أَنَّ رَسُول اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَسْأَلُ فِي مَرَضِهِ الَّذِي مَاتَ فِيهِ : أَيْنَ أَنَا غَدًا ؟ أَيْنَ أَنَا غَدًا ؟ يُرِيدُ يَوْمَ عَائِشَةَ ، فَأَذِنَ لَهُ أَزْوَاجُهُ يَكُونُ حَيْثُ شَاءَ ، فَكَانَ فِي بَيْتِ عَائِشَةَ حَتَّى مَاتَ عِنْدَهَا))[٢].

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی ئەو نەخۆشیەی کە تێیدا مرد پرسیاری دەکرد : ئایا بەیانی من لە کوێم ؟ ئایا بەیانی من لە کوێم ؟ مەبەستی ڕۆژەکەی (عَائِشَة) بوو ، ئەوەبوو خێزانەکانی مۆڵەتیان پێیدا کە لە هەر شوێنێك ببێت خۆی بیەوێت ، ئەویش لە ماڵەکەی (عَائِشَة)دا مایەوە تاوەکو لای (عَائِشَة)دا مرد .

* بەڵام سەبارەت بە حەق و مافەکانی مێرد بەسەر هاوسەرەکەیەوە ئەوا ئەمەیان گەورەترە لە حەق و مافەکانی ژن بەسەر مێردەکەیەوە ، ئەمەیش لەبەر فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ۗ (٢٢٨)﴾ [البقرة].

واتە : ئافرەتان حەق و مافیان بۆ هەیە بە چاکە و ئەوەی کە باوە بە وێنەی ئەو ئەرکانەی کە لەسەریانە ، وە پیاوانیش پلەیەکیان هەیە بەسەریانەوە .

[٢] أخرجه البخاري ، كتاب النكاح ، باب إذا استأذن الرجل نسائه في أن يمرض في بيت بعضهن فأذن له ، رقم : (٥٢١٧) ، ومسلم ، كتاب فضائل الصحابة ، باب في فضل عائشة (رضي الله عنها) ، رقم : (٢٤٤٣) .

هــەروەها پیــاویش سەرپەرشــتیارە بەســەر ئافرەتــەوە و هەڵدەســێت بــە سەرپەرشتی کردنی بەرژەوەندیەکانی و تـەمێ کـردن و ڕێنمـایی کردنـی هـەروەکو چۆن خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ ۚ ﴿٣٤﴾﴾ [النساء].

واتە : پیـاوان سەرپەرشـتیارن بەسـەر ئافرەتانـەوە بـە هـۆی ئـەوەی کـە خـوا فەزڵی هەندێکیانیداوە بەسـەر هەندێکیانـدا و بـە هـۆی ئەوەیشـەوە کـە لـە مـاڵ و سامانەکانیان خەرجی دەکەن و بژێوی دابین دەکەن .

* وە بەشێك لە حەق و مافەکانی مێـرد بەسـەر هاوسـەرەکەیەوە ئەوەیـە : کـە دەبێت ئافرەت گوێڕایەڵی مێردەکەی بکات لە هـەموو شـتێکدا تـەنها لـەو شـتانەدا نـەبێت کـە سەرپێچـی خـوای تێدایـە ، وە دەبێـت نهـێنی و مـاڵی مێردەکەشـی بپارێزێـت ، چـونکە پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی : ((لَوْ كُنْتُ آمِرًا أَحَدًا أَنْ يَسْجُدَ لِأَحَدٍ لَأَمَرْتُ الْمَرْأَةَ أَنْ تَسْجُدَ لِزَوْجِهَا [مِنْ عِظَمِ حَقِّهِ عَلَيْهَا] ، [وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَا تُؤَدِّي الْمَرْأَةُ حَقَّ رَبِّهَا حَتَّى تُؤَدِّيَ حَقَّ زَوْجِهَا ، وَلَوْ سَأَلَهَا نَفْسَهَا وَهِيَ عَلَى قَتَبٍ لَمْ تَمْنَعْهُ])).[1]

---

(١) أخرجه أبو داود ، كتاب النكاح ، باب فِي حَقِّ الزَّوْجِ عَلَى الْمَرْأَةِ ، رقم : (٢١٣٤) ، والترمذي ، كتاب الرضاع ، باب ما جاء في حق الزوج على المرأة ، رقم : (١١٥٩) ، [والنسائي ، كتاب ، حق الرجل على المرأة ، رقم : (٩١٤٧)

واتە : ئەگەر فەرمانم بکردایەت بە کەسێك کە سوجدە ببات بۆ کەسێکی تر ئەوا فەرمانم دەکرد بە ئافرەت کەوا سوجدە ببات بۆ مێردەکەی [ئەوەیش لەبەر گەورەیی حەق و مافی مێردەکەی بەسەریەوە] ، [وە سوێند بەو خوایەی کە گیانی (مُحَمَّد)ی بەدەستە ئافرەت حەق و مافی پەروەردگاری بەجێناهێنێت تاوەکو حەق و مافی مێردەکەی بەجێنەهێنێت ، وە ئەگەر داوای خۆیشی بکات بۆ جووتبوون و سەرجێی لەگەڵدا کردن ئەوا نابێت ڕێگری ئەوەی لێبکات ئەگەر چی ئەو ئافرەتە بەسەر وشتریشەوە بێت ـ یان نزیکی کاتی منداڵبوونیشی بێت ـ].

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ فَأَبَتْ أَنْ تَجِيءَ فَبَاتَ غَضْبَانَ عَلَيْهَا لَعَنَتْهَا الْمَلاَئِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ)).(1)

واتە : ئەگەر پیاوێك بانگی هاوسەرەکەی کرد بۆ سەر جێگەکەی بۆ جوتبوون و ئەویش خۆی گرتەوە لەوەی کە بچێت بۆلای و ئەو پیاوەیش شەو تاوەکو بەیانی لێی تووڕە بوو ئەوا فریشتەکان لەعنەتی لێدەکەن تاوەکو ڕۆژی لێدەبێتەوە .

---

والزيادة الأولى له ، وابن ماجه ، كتاب النكاح ، باب حق الزوج على المرأة ، رقم : (١٨٣٥) والزيادة الثانية له] . [تنبيه : الزيادتان اللتان بين المعقوفتين [ ] .. [ ] وكذا تخريجهما من المترجم) .

(١) أخرجه البخاري ، كتاب أحاديث النكاح ، باب إذا باتت المرأة مهاجرة فراش زوجها ، رقم : (٥١٩٣) ، ومسلم ، كتاب النكاح ، باب تَحْرِيمِ امْتِنَاعِهَا مِنْ فِرَاشِ زَوْجِهَا ، رقم : (١٤٣٦) .

* هەروەها لـە حـەق و مافـەکانی مێـرد بەسـەر هاوسـەرەکەیەوە ئەوەیـە : کـە نابێـت ئـەو ئافرەتـە ئـیش و کارێـك ئـەنجام بـدات کـە ببێتـە مایـەی فەوتانـدن و لەدەستچوونی چێژلێبینینی کامڵ و تەواوی ئەو مێردە لـە هاوسـەرەکەی تەنانـەت ئەگەر ئەو کارەیش عیبـادەتێکی سـوننەت و زیـاد لـە فـەرزەکان بێـت ، ئەمـەیش لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : ((لَا يَحِلُّ لِلْمَرْأَةِ أَنْ تَصُومَ وَزَوْجُهَا شَاهِدٌ إِلَّا بِإِذْنِهِ ، وَلَا تَأْذَنَ فِي بَيْتِهِ إِلَّا بِإِذْنِهِ)).(1)

واتە: حەڵاڵ نیيە بۆ ئافرەت ڕۆژووبگرێت لـە کاتێکدا کـە مێردەکـەی ئامادەیـە ئـیللا بــە ڕێگەپێــدانی ئــەو نــەبێت، وە ناشــبێت مۆڵــەت و ڕێگــە بــدات بــە هاتنەژوورەوەی هیچ کەسێك بۆ ناو ماڵەکـەی ئـیللا بـە مۆڵـەت و ڕێگەپێدانی ئـەو نەبێت .

وە پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) ڕازی بــوونی مێــرد لــە هاوســەرەکەی بــە یــەکێك لــە هۆکارەکــانی چــوونە بەهەشــت دانــاوە ، ئیمــامی (الترمذي) لــە (أُمِّ سَلَمَةَ)وە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((أَيُّمَا امْرَأَةٍ مَاتَتْ وَزَوْجُهَا عَنْهَا رَاضٍ دَخَلَتِ الْجَنَّةَ)) (2).

---

(١) أخرجه البخاري ، كتاب أحاديث النكاح ، باب لا تأذن المرأة في بيتها لأحد إلا بإذنه ، رقم : (٥١٩٥) ، ومسلم ، كتاب الزكاة ، باب مَا أَنْفَقَ الْعَبْدُ مِنْ مَالِ مَوْلاَهُ ، رقم : (١٠٢٦) .

(٢) أخرجه الترمذي ، كتاب الرضاع ، باب ما جاء في حق الزوج على المرأة ، رقم : (١١٦١) ، وابن ماجه ، كتاب النكاح ، باب حق الزوج على المرأة ، رقم : (١٨٥٤) .

واتــە : هــەر ئافرەتێـك بمرێـت و مێردەکـەی لــێی ڕازی بێـت ئـەوا دەچـێتە بەهەشتەوە .

❁ ❁ ❁

## حەق و مافــی حەوتەم :

## حەق و مافــی کاربەدەسـتان و هـاوڵاتـیـانی ژێر دەسەڵاتیان

کاربەدەستان ئەو کەسـانەن کـە سـەرپەرشـتی کاروبـاری موسـڵمانان دەکـەن و دەیانبەن بەڕێوە ، چ سەرپەرشتیاری گشتی بێت وەکو سەرۆکی باڵا لە وڵاتدا یـان سەرپەرشتیاری تایبەت بێت وەکو سـەرکردە بەسـەر دامودەزگایـەك یـان کـارێکی دیاریکراو و تایبەتەوە یەکسانە ، وە هەموو ئەوانە حەق و مافیان هەیە و پێویستە لەسـەر هاوڵاتیـانی ژێـر دەسـەڵاتیان پێیـان هەسـتن و هاوڵاتیـانی ژێـر دەسـەڵاتی ئەوانیش بەهەمان شێوە حەق و مافیان هەیە بەسەر ئەوانەوە .

* **حەق و مافەکانی هاوڵاتیان بەسەر کاربەدەستانەوە ئەوەیە** : کە ئەوان هەستن بە جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردە و ئەمانەتەی کە خوا پێی ڕاسـپاردوون و پێویستی کردووە لەسەریان پێی هەستن لـە دڵسـۆزی نوانـدن بـۆ هاوڵاتیـانی ژێـر

دەسەڵاتیان و بەڕێوەبردنیان لەسەر ئەو بەرنامە ڕێك و ڕاستەی کە دەستەبەری بەرژەوەندیەکانی دونیا و دواڕۆژیان بۆ دەکات ، ئەوەیش بە شوێنکەوتنی ڕێگای ئیمانداران دەبێت کە بریتی‌یە لەو ڕێگایەی کەوا پێغەمبەری خوای (ﷺ) لەسەر بووە ، بەڕاستی ئەوە بەختەوەری تێدایە بۆ خۆیان و بۆ هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتیان ، ئەوە کاریگەرترین شتە کە ڕەزامەندی هاوڵاتیانی تێدا بەدیدێت لە سەرپەرشتیاران و کاربەدەستانیان ، هەروەها دەشبێتە هۆی بەیەکگەیاندنی نێوان ئەوان و هاوڵاتیان و ملکەچبوونیشیان بۆ فەرمانەکانیان و پاراستنی ئەو ڕاسپاردە و ئەمانەتەی کە ئەوان سەرپەرشتی دەکەن بۆیان ، چونکە بەڕاستی هەرکەسێك لەخوابترسێت و خۆی بپارێزێت لە سزای خوا ئەوا خەڵك خۆیانی لێ‌دەپارێزن ، وە هەرکەسێکیش خوا لە خۆی ڕازی بکات ئەوا خوا ئەرکی خەڵکی لەسەر دەخات و خەڵکی لێ‌ڕازی دەکات ، چونکە بەڕاستی دڵەکان لەدەستی خوادایە و هەڵەودیویان دەکات و هەڵیاندەگێڕێتەوە چۆن بیەوێت .

*** بەڵام حەق و مافەکانی کاربەدەستانیش بەسەر هاوڵاتیانەوە ئەوەیە :** کە مرۆڤ دڵسۆز بێت لەگەڵیان لەوەدا کە سەرپەرشتی دەکات بۆیان لە کاروبارەکانیان ، وە خوا و دواڕۆژیان وەبیربهێنێتەوە ئەگەر بێ‌ئاگاییان بەسەرداهات ، وە دوعایان بۆ بکرێت ئەگەر لایاندا لە حەق ، وە فەرمانەکانیان بەجێبهێنرێت ئەگەر لەسەرپێچی خوادا نەبێت ، چونکە پایەکانی بەڕێوەچوونی کاروبار و ڕێکوپێك بوونی لەوەدایە ، وە لە پێچەوانەکردن و سەرپێچی کردنیاندا

بێسەروبەری و تێکچوونی کاروبارەکان بڵاودەبێتەوە ، وە لەبەر ئەوە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە گوێڕایەڵی کردنی خۆی و گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەرەکەی و کاربەدەستانیش ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ﴿٥٩﴾ ﴾ [النساء].

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر و کاربەدەستانیش لە خۆتان بکەن .

وە پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی : ((عَلَى الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ فِيمَا أَحَبَّ وَكَرِهَ إِلاَّ أَنْ يُؤْمَرَ بِمَعْصِيَةٍ ، فَإِنْ أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ فَلاَ سَمْعَ وَلاَ طَاعَةَ)).(1)

واتە : پێویستە لەسەر مرۆڤی موسڵمان کەوا گوێگر و گوێڕایەڵ بێت لەوەدا کە پێی خۆشە و ئەوەیش کە پێی ناخۆشە ئیللا مەگەر فەرمانی پێبکرێت بە تاوان و سەرپێچی کردنی خوا ، وە ئەگەر فەرمانی پێکرا بە تاوان و سەرپێچی کردنی خوا ئەوا لەو کاتەدا نە گوێگر دەبێت و نە گوێڕایەڵ .

وە (عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ)یش (رضي الله عنهما) فەرموویەتی : ((كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي سَفَرٍ فَنَزَلْنَا مَنْزِلاً إِذْ نَادَى مُنَادِي رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) : الصَّلاَةَ جَامِعَةً ، فَاجْتَمَعْنَا إِلَى

---

(١) أخرجه البخاري ، كتاب الجهاد والسير ، باب السمع والطاعة للإمام ما لم تكن معصية ، رقم : (٢٩٥٥) ، ومسلم ، كتاب الإمارة ، باب وُجُوبِ طَاعَةِ الأُمَرَاءِ فِي غَيْرِ مَعْصِيَةٍ وَتَحْرِيمِهَا فِي الْمَعْصِيَةِ ، رقم : (١٨٣٩) .

رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ : "إِنَّهُ لَمْ يَكُنْ نَبِيٌّ قَبْلِي إِلَّا كَانَ حَقًّا عَلَيْهِ أَنْ يَدُلَّ أُمَّتَهُ عَلَى خَيْرِ مَا يَعْلَمُهُ لَهُمْ وَيُنْذِرَهُمْ شَرَّ مَا يَعْلَمُهُ لَهُمْ.

وَإِنَّ أُمَّتَكُمْ هَذِهِ جُعِلَ عَافِيَتُهَا فِي أَوَّلِهَا ، وَسَيُصِيبُ آخِرَهَا بَلَاءٌ وَأُمُورٌ تُنْكِرُونَهَا ، وَتَجِيءُ فِتْنَةٌ فَيُرَقِّقُ بَعْضُهَا بَعْضًا ، وَتَجِيءُ الْفِتْنَةُ فَيَقُولُ الْمُؤْمِنُ : هَذِهِ مُهْلِكَتِي ثُمَّ تَنْكَشِفُ ، وَتَجِيءُ الْفِتْنَةُ فَيَقُولُ الْمُؤْمِنُ : هَذِهِ هَذِهِ ، فَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يُزَحْزَحَ عَنِ النَّارِ وَيَدْخُلَ الْجَنَّةَ فَلْتَأْتِهِ مَنِيَّتُهُ وَهُوَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَلْيَأْتِ إِلَى النَّاسِ الَّذِي يُحِبُّ أَنْ يُؤْتَى إِلَيْهِ ، وَمَنْ بَايَعَ إِمَامًا فَأَعْطَاهُ صَفْقَةَ يَدِهِ وَثَمَرَةَ قَلْبِهِ فَلْيُطِعْهُ إِنِ اسْتَطَاعَ ، فَإِنْ جَاءَ آخَرُ يُنَازِعُهُ فَاضْرِبُوا عُنُقَ الآخَرِ"))[١].

واتە : ئێمە لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووین (ﷺ) و لە شوێنێکدا دابەزین و لە ناکاودا بانگکاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی کرد : کۆببنەوە بۆ نوێژ ، ئێمەیش لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆبوینەوە و فەرمووی : بەڕاستی هیچ پێغەمبەرێك نەبووە لە پێش من ئیللا حەق و پێویست بووە لەسەری کەوا ڕێنمایی ئوممەتەکەی بکات بۆ هەر خێر و چاکەیەك کە زانیبێتی بۆیان و وریا و ئاگاداریشیان بکاتەوە لە هەر شەڕ و خراپەیەك کە زانیبێتی بۆیان .

وە بەڕاستی ئەم ئوممەتەی ئێوە بێوەیی و دووربوونی لە کێشە و گرفت خراوەتە سەرەتاکەیەوە ، وە کۆتاییەکەشی تووشی بەڵا و شتانێك دەبێت کە

---

[١] أخرجه مسلم ، كتاب الإمارة ، باب الْوَفَاءِ بِبَيْعَةِ الْخُلَفَاءِ الأَوَّلِ فَالأَوَّلِ ، رقم : (١٨٤٤) .

ئێوە بە خراپیان دەزانن ، وە ئاشووب و فیتنەیەك دێت كە هەندێكی تری سووك و ئاسان دەكاتەوە ـ لەبەر گەورەیی ئەوەی دواتر ـ ، وە ئاشووب و فیتنەی وا دێت كە ئیماندار دەڵێت : ئەمە دەبێتە هۆی فەوتان و لەناوچوونم پاشان لادەچێت و نامێنێت ، وە ئاشووب و فیتنەی وایش دێت كە ئیماندار دەڵێت : ئا ئەمە ئا ئەمە دەبێتە هۆی فەوتان و لەناوچوونم ، وە هەركەسێك پێی خۆشە لە ئاگری دۆزەخ تێپەڕێنرێت و بخرێتە بەهەشتەوە ئەوا با مردنی بێتەڕێی و ئەو باوەڕی هەبێت بە خوا و بە ڕۆژی دوایی و بەو شێوازەیش مامەڵە لەگەڵ خەڵكدا بكات كە پێی خۆشە خەڵك مامەڵەی پێبكەن لەگەڵ خۆیدا ، وە هەركەسێك بەیعەت و پەیمانیدا بە پێشەوا و كاربەدەستێك ئەوا ناو دەست و بەرهەم و ناوكرۆكەی دڵی خۆیی داوەتێ ـ واتە : دڵسۆزە لەو پەیمانەی كە داوێتی پێی ـ وە با گوێڕایەڵی بێت ئەوەندەی كە لە توانایدا هەیە ، وە ئەگەر یەكێكی تر هات و كێشمانكێشی وەرگرتنی دەسەڵاتی كرد لەگەڵیدا ئەوا بدەن لە گەردنی ئەوەی دواتر .

هەروەها پیاوێكیش پرسیاری كرد لە پێغەمبەر (ﷺ) و وتی : ((يَا نَبِيَّ اللَّهِ أَرَأَيْتَ إِنْ قَامَتْ عَلَيْنَا أُمَرَاءُ يَسْأَلُونَا حَقَّهُمْ وَيَمْنَعُونَا حَقَّنَا فَمَا تَأْمُرُنَا ؟ فَأَعْرَضَ عَنْهُ ، ثُمَّ سَأَلَهُ مَرَّةً ثَانِيَةً ، فَقَالَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) : اسْمَعُوا وَأَطِيعُوا فَإِنَّمَا عَلَيْهِمْ مَا حُمِّلُوا وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ))[١].

---

(١) أخرجه مسلم ، كتاب الإمارة ، باب فِي طَاعَةِ الأُمَرَاءِ وَإِنْ مَنَعُوا الْحُقُوقَ ، رقم : (١٨٤٦) .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا هەواڵم بدەرێ سەبارەت بەوەی کە ئەگەر هەندێك فەرمانڕەوا بوون بە سەرپەرشتیارمان و داوای حەق و مافی خۆیان کرد لە ئێمە و حەق و مافی ئێمەشیان لێ‌گرتینەوە و نەیاندا پێمان ئایا بە چی فەرمانمان پێ‌دەکەیت ؟ پێغەمبەریش (ﷺ) پشتی تێ‌ی کرد ، ئەنجا دووبارە پرسیاری لێ‌ی کردەوە ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : ئێوە گوێگر و گوێڕایەڵ بن چونکە ئەوان بەرپرسیارن لەسەر ئەوەی کە دراوە بەسەریاندا و ئێوەیش بەرپرسیارن لەسەر ئەوەی کە دراوە بەسەرتاندا .

* **وە بەشێکی تر لە حەق و مافەکانی کاربەدەستان بەسەر هاوڵاتیانەوە ئەوەیە** : کەوا هاوڵاتیان یارمەتی کاربەدەستانیان بدەن لە ئەرکەکانیان بە شێوەیەك کە ببنە یارمەتیدەریان لەسەر جێبەجێ‌کردنی ئەو کارەی کە پێیان ڕاسپێردراوە ، وە هەریەکێکیان ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی خۆی بزانێت لە ناو کۆمەڵگادا بۆ ئەوەی کاروبارەکان بەڕێوەبچێت بەو شێوازەی کە خوازراوە ، چونکە ئەگەر هاوڵاتیان یارمەتی کاربەدەستان نەدەن لەسەر بەرپرسیاریەتیەکانیان ئەوا ئەو کارانەی کە لەسەری بەرپرسیارن بەدینایەت بەو شێوازەی کە خوازراوە .

## حەق و مافــی هەشتەم : حەق و مافــی دراوسێکان

دراوسێ ئەو کەسەیە کە ماڵەکەی لێتەوە نزیکە و بەو هۆیەوە نزیکە لە تـۆوە ، وە حەق و مافێکی گەورەشی هەیە بەسەرتەوە ، وە ئەگـەر خـزم و نـزیکیش بێـت لێتەوە لە ڕێگـەی پشـتەوە و موسـڵمانیش بێـت ئـەوا سـێ حـەق و مافــی هەیـە : حەقی دراوسێتی و حەقی خزمایەتی و حـەقی موسـڵمانێتی ، وە ئەگـەر موسـڵمان بێـت و خـزم و نزیـك نـەبێت لـە پشـتەوە ئـەوا دوو حـەق و مافــی هەیـە : حـەقی دراوسێتی و حەقی موسڵمانێتی ، وە بەهەمان شێوە ئەگەر خزم بێـت و موسـڵمان نەبێت ئەوا هەر دوو حەق و مافـی هەیە : حەقی دراوسـێتی و حـەقی خزمایـەتی ، وە ئەگەر دوور بێت و خزم نەبێت ئەوا تەنها یەك حەق و مافـی هەیە کە بـریتـیـیـە لە : حـەقی دراوسـێتی ، خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْجَارِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْجَارِ ٱلْجُنُبِ ﴿٣٦﴾﴾ [النساء] واتـە : وە چـاکە بکـەن لەگـەڵ باوکـان و دایکـان و خـزم و کەسـوکار و یەتیمەکان و هەژارەکان و دراوسێی خزم و دراوسێی لاتەنیشتدا .

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَا زَالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بِالْجَارِ حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ سَيُوَرِّثُهُ)).(1)

---

(١) أخرجه البخاري ، كتاب الأدب ، باب الوصاة بالجار ، رقم : (٦٠١٤) و (١٠١٥) ، ومسلم ، كتاب البر والصلة والآداب ، باب الْوَصِيَّةِ بِالْجَارِ وَالإِحْسَانِ إِلَيْهِ ، رقم : (٢٦٢٤) و (٢٦٢٥) .

واتــە : بــەردەوام (جِبْرِيل) وەســێت و ئامۆژگــاری پــێدەکردم بــە گرنگــی و بایەخدان بە دراوسێ تاوەکو وام گومان بـرد کـەوا لـە داهـاتوودا لـە لایـەن خـواوە فەرمان دەکات بەوەی کە بەشە میراتی لـێببات و ببنە میراتگری یەکتر .

* وە بەشێك لە حەق و مافەکانی دراوسێ بەسەر دراوسێکەیەوە ئەوەیە : کە چاکەی لەگەڵدا بکات بەوەی کە لە توانایدا هەیە بە ماڵ و بە ڕێز و حورمەتی لە ناو خەڵکدا و بە سوودپێگەیاندن ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویـەتی : ((خَيْرُ الْـجِيرَانِ عِنْدَ اللَّهِ خَيْرُهُمْ لِجَارِهِ))[2] واتـە : باشـترینی دراوسـێکان لای خـوا باشترینیانە بۆ دراوسێکەی .

هــەروەها پێغەمبــەر (ﷺ) فەرموویــەتی : ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيُحْسِنْ إِلَى جَارِهِ)).[3]

واتە : هەرکەسێك باوەڕی بـە خـوا و ڕۆژی دوایـی هەیـە ئـەوا بـا چـاکە بکـات لەگەڵ دراوسێکەی .

هـەروەها پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی : ((إِذَا طَبَخْتَ مَرَقَةً فَأَكْثِرْ مَاءَهَا وَتَعَاهَدْ جِيرَانَكَ)).[1]

---

(٢) أخرجه الترمذي ، كتاب البر والصلة ، باب ما جاء في حق الجوار ، رقم : (١٩٤٤) .

(٣) أخرجه البخاري ، كتاب الأدب ، باب من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يؤذ جاره ، رقم : (٦٠١٩) ، ومسلم ، كتاب الإيمان ، باب الْحَثِّ عَلَى إِكْرَامِ الْجَارِ وَالضَّيْفِ وَلُزُومِ الصَّمْتِ إِلاَّ مِنَ الْخَيْرِ ، رقم : (٤٨) .

واتە : ئەگەر شۆربا و مەرگەیەکت لێنا ئەوا ئاوەکەی زۆر بکە و دراوسێکانت بەسەربکەرەوە و بەشیان بدە .

وە بەشێك لە چاکەکردن لەگەڵ دراوسێدا ئەوەیە : کە لە بۆنەکاندا دیاری و (هَدِيَّة)ی پێشکەش بکەیت ، چونکە بەڕاستی دیاری و (هَدِيَّة) دۆستایەتی و خۆشەویستی بەدەست دەهێنێت و ڕقەبەرایەتی و دوژمنایەتیش ناهێڵێت .

*** وە بەشێکی تر لە حەق و مافەکانی دراوسێ بەسەر دراوسێکەیەوە ئەوەیە** : کە ئەزێتدانی وتەیی و کردەیی خۆی بگرێتەوە لێی و ئەزێتی دراوسێکەی نەدات نە بە وتە و نە بە کرداریش ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((وَاللَّهِ لَا يُؤْمِنُ ، وَاللَّهِ لَا يُؤْمِنُ ، وَاللَّهِ لَا يُؤْمِنُ ، قَالُوا : وَمَنْ ذَاكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : الَّذِي لَا يَأْمَنُ جَارُهُ بَوَائِقَهُ))[٢].

واتە : سوێند بە خوا ئیمانی نییە ، سوێند بە خوا ئیمانی نییە ، سوێند بە خوا ئیمانی نییە ، وتیان : ئەوە کێیە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : ئەو کەسەیە کە دراوسێکەی ئەمین و بێخەم نەبێت لە خراپە و زیانەکانی .

---

[١] أخرجه مسلم ، كتاب البر والصلة والآداب ، باب الْوَصِيَّةِ بِالْجَارِ وَالإِحْسَانِ إِلَيْهِ ، رقم : (٢٦٢٥) .

[٢] أخرجه البخاري ، كتاب الأدب ، باب من إثم من لا يأمن جاره بوائقه ، رقم : (٦٠١٦) .

وه لــه ریوایــهتێکی تــردا فهرموویــهتی : ((لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ لاَ يَأْمَنُ جَارُهُ بَوَائِقَهُ)) .[1]

واته : ئهو كهسه ناچێته بهههشتهوه كه دراوسێكهى ئهمين و بێخهم نهبێت له خراپه و زيانهكانى .

جـا هەركەسـێك دراوسـێكەی ئـەمین و بێخـەم نـەبێت لـە شـەڕ و مەرافـە و زیانەکانی ئەوا ئەو کەسە ئیماندار نی‌یە و ناشچێتە بەهەشتەوە .

* وه ئێسـتا زۆرێـك لـه خـهڵك گرنگـى و بايـهخ نـادهن بـه حـهق و مافـى دراوسێيهتى ، وه دراوسێكان ئهمين و بێخهم نين له شهڕ و مهرافه و زيانـهكانيان ، بۆيه دهبينيت ههميشه له ناكۆكى و جياوازيدايه لهگهڵيان و دهستدرێژى دهكاته سهر حهق و مافـهكان ، وه بـه وتـه و بـه كـرداريش ئـهزێتيان دهدات ، وه هـهموو ئهمانه پێچهوانهن بـهوهى كـه خـوا و پێغهمبهرهكـهى فـهرمانيان پـێكردووه ، وه دهبێته هۆى لێكترازان و پهرتهوازهبوونى موسڵمانان و دووركهوتنهوهى دڵـهكانيان له يهكتر و داڕووخانى حورمهتى ههندێكيان بهلاى ههندێكى تريانهوه .

❁ ❁ ❁

---

[1] أخرجه مسلم ، كتاب الإيمان ، باب بَيَانِ تَحْرِيمِ إِيذَاءِ الْجَارِ ، رقم : (٤٦) .   والبوائق : الشُّرُور .

## حەق و مافــی نۆیەم : حەق و مافــی موسڵمانان بە گشتی

ئەم حەق و مافانە زۆر زۆرن ، لەوانە : ئەوەیە لە (موسلیم)دا هاتووە لـە (أَبُو هُرَيْرَة)وە (ﷺ) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ سِتٌّ : إِذَا لَقِيتَـهُ فَسَـلِّمْ عَلَيْـهِ ، وَإِذَا دَعَـاكَ فَأَجِبْـهُ ، وَإِذَا اسْتَنْصَـحَكَ فَانْصَـحْ لَـهُ ، وَإِذَا عَطَـسَ فَحَمِدَ اللَّهَ فَشَمِّتْهُ ، وَإِذَا مَرِضَ فَعُدْهُ ، وَإِذَا مَاتَ فَاتَّبِعْهُ)).[1]

واتە : مافــی موسڵمان بە سەر موسڵمانەوە شەشە : ئەگـەر پــێی گەیشـتیت سەلامی لێبکە ، وە ئەگـەر دەعـوەتی کـردی وەڵامــی بـدەرەوە ، وە ئەگـەر داوای ئامۆژگاری لێـت کـرد ئامۆژگـاری بکـە ، وە ئەگـەر پـژمی و سوپاسـی خـوای کـرد دوعای بـۆ بکـە ، وە ئەگـەر نـەخۆش کـەوت بەسـەری بکـەرەوە ، وە ئەگـەر مـرد شوێنی جەنازەکەی بکەوە .

جا لەم فەرموودەیەدا روونکردنەوەی چەندین حەق و مافـی نێوان موسـڵمانانی تێدایە :

**حەق و مافی یەکەم : سەلامکردن** : سەلامکردن سوننەتێکی جەخت لەسـەر کراوەیە و یەکێکە لە هۆکارەکانی ئاشنابوونی موسڵمانان بە یەکتر و دۆستایەتی و خۆشەویســتی نێوانیــان هــەروەکو چــۆن ئەمــە بینــراوە و ئــەم فەرمایشــتەی

---

(١) أخرجه مسلم ، كتاب السلام ، باب مِنْ حَقِّ الْمُسْلِمِ لِلْمُسْلِمِ رَدُّ السَّلاَمِ ، رقم : (٤٦) ، وأخرجه البخاري بلفظ قريب منه وفيه (خَمْسٌ) بدل (سِتٌّ) ، كتاب الجنائز ، باب الأمر باتباع الجنائز ، رقم : (١٢٤٠) .

پێغەمبــەریش (ﷺ) بەڵگەیــە لەســەری : ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لاَ تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا ، وَلاَ تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا ، أَوَلاَ أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ : أَفْشُوا السَّلاَمَ بَيْنَكُمْ)).(1)

واتە : سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە ناچنە بەهەشتەوە تاوەکو ئیمان و باوەڕ نەهێنن ، وە ئیمان و باوەڕتان تەواو نابێت تاوەکو خۆشەویستی یەکتر نەبن ، ئایا ڕێنماییتان نەکەم بۆ شتێك ئەگەر ئەنجامی بدەن ببن بە خۆشەویستی یەکتر : سەلامکردن لە نێوانتاندا بڵاوبکەنەوە .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستپێشخەری دەکرد بە سەلامکردن لەو کەسەی کە پێی دەگەیشت ، وە ئەگەر بەلای منداڵانیشدا تێپەڕبووایەت ئەوا سەلامی لێدەکردن .

وە سوننەت وایە کە : بچووك سەلام بکات لە گەورە ، وە کەمیش لە زۆر ، وە سواریش لە پیادە ، بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی کە لەپێشترە بەوە هەڵنەسا کە سوننەتە ئەوا با ئەوی تر هەڵبسێت بە سەلامکردن بۆ ئەوەی سەلامکردنەکە نەفەوتێت و لەدەست نەچێت ، بۆ نموونە ئەگەر بچووك سەلامی نەکرد لە گەورە ئەوا با گەورەکە سەلام بکات لە بچووکەکە ، وە ئەگەر کەم سەلامی نەکرد لە

(١) أخرجه مسلم ،كتاب الإيمان ، باب بَيَانِ أَنَّهُ لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ إِلاَّ الْمُؤْمِنُونَ وَأَنَّ مَحَبَّةَ الْمُؤْمِنِينَ مِنَ الإِيمَانِ وَأَنَّ إِفْشَاءَ السَّلاَمِ سَبَبٌ لِحُصُولِهَا ، رقم : (٥٤) .

زۆرینــە ئـەوا بـا زۆرینەکـە سـەلام بکـات لـە کەمەکـە بـۆ ئـەوەی کـە ئـەجر و پاداشتەکەی دەست بکەوێت .

وە (عَمَّار)ی کـوڕی (يَاسِر) (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُما) فەرموویـەتی : ((ثَلَاثٌ مَنْ جَمَعَهُنَّ فَقَدْ جَمَعَ الْإِيمَانَ : الْإِنْصَافُ مِنْ نَفْسِكَ ، وَبَذْلُ السَّلَامِ لِلْعَالَمِ ، وَالْإِنْفَاقُ مِنْ الْإِقْتَارِ)).[1]

واتـە : سـێ ئاکـار هەیـە لـە هەرکەسـێکدا کۆببنـەوە ئـەوا ئـەو کەسـە ئیمـانی کۆکردووەتـەوە : بەویـژدان بـوون لەگـەڵ خـــوودی خۆتـــدا ، وە بەخشینـــەوەی ســـەلام بەسەر هەموو

خەڵکیدا ، وە ماڵ بەخشین لە کاتی نەداریدا .

وە ئەگـــەر دەستپێشـــخەری کـــردن بـــە ســـەلامکردن ســـوننەت بێـــت ئـــەوا وەڵامدانەوەی سەلام فەرزە لەسەر هەندێك (فرضُ كفاية) و ئەگـەر کەسـانێك پـێ هەستان کـە بـەس بێـت ئـەوا لەسـەر ئەوانـەی تـر دەکـەوێت ، بـۆ نموونـە ئەگـەر سەلامکرا لە کۆمەڵێك و تەنها یەك کەسیان وەڵامیدایەوە ئـەوا لەسـەر ئەوانـەی تـر

---

[1] أخرجه البخاري ، كتاب الإيمان ، باب إفشاء السلام من الإسلام ، رقم : (٨) .

وە : مەبەست لە "بەویژدان بوون لەگەڵ خوودی خۆتدا" ئەوەیە کە : بەو شێوازە مامەڵە بکـەیت لەگـەڵ خەڵکدا کە پێت خۆشە ئەوان بیکەن لەگەڵ تۆدا .

دەکەوێت ، خوای گـەورە فـەرموویـەتی : ﴿ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا۟ بِأَحۡسَنَ مِنۡهَآ أَوۡ رُدُّوهَآ ۗ ﴿٨٦﴾ ﴾ [النساء].

واتە : وە ئەگەر ڕێزتان لـێگیرا و سـەلامتان لێکـرا بـە شـێوازێك ئـەوا ئێـوەیش وەڵامی ئەو ڕێزلێنان و سەلامکردنە بدەنەوە بە لەوە باشتر یـان وەڵامـی بدەنـەوە وەك خۆی .

لە وەڵامدانەوەی سەلامدا ئەوەندە بەس نیـیە کـە تـەنها بڵێـت : (أَهْلًا وَسَهْلًا / بەخێربێیت و خۆشحاڵم) چونکە ئەمە نە باشترە لە سەلامکردن و نە وەکو ئەویشە ، ئەگـەر وتـی : (السَّلَامُ عَلَيْكُمْ) ئـەوا بـا لـە وەڵامیـدا بڵێـت : (عَلَيْكُمُ السَّلَام) ، وە ئەگەر وتی : (أَهْلًا) ئـەوا بـا لـە وەڵامیـدا بڵێـت : (أَهْلًا) وەکـو خـۆی ، وە ئەگـەر دوعای زیاتری بۆ بکات ئەوا باشترە .

**حەق و مافی دووەم : ئەگەر دەعوەتی کرد وەڵامی بدەرەوە** : واتە ئەگەر دەعـوەتی کـرد بـۆ ماڵەکـەی بـۆ خـواردنیٚ چێشـتێك یـان جگـە لـەوەیش وەڵامـی بـدەرەوە ، وە وەڵامدانــەوەی دەعــوەت ســوننەتێکی جــەخت لەســەرکراوەیە ، چـونکە دڵڕاگـرتنی کەسـی دەعوەتکـاری تێدایـە و دۆسـتایەتی و خۆشەویسـتی و بەیەکترئاشـنابوونیش بەدەسـت دێنێـت ، بـەڵام نـانخواردنی ژنگواسـتنەوە لەمـە بـەدەرە ، چـونکە وەڵامدانـەوەی دەعـوەتی نـانخواردنی ژنگواسـتنەوە فـەرزە و

پێویستە بە چەند مەرجێکی زانراو ، ئەمەش لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : ((وَمَنْ لَمْ يُجِبِ الدَّعْوَةَ فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَرَسُولَهُ)).(1)

واتە : وە هەر کەسێك وەڵامی ئەو دەعوەتە نەداتەوە ئەوا سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەیی کردووە (ﷺ) .

وە پێدەچێت فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : **"ئەگەر دەعوەتی کرد وەڵامی بدەرەوە"** تەنانەت دەعوەتکردن و بانگکردنیشی بۆ یارمەتیدانی و هاوکاری کردنیشی بگرێتەوە ، ئەو کاتەش تۆ فەرمان پێکراویت بە وەڵامدانەوەی ، جا ئەگەر دەعوەتی کرد و بانگتی کرد بۆ ئەوەی کە هاوکاری بکەیت لە هەڵگرتنی شتێك یان بۆ فرێدانی یان هاوشێوەی ئەوە ئەوا تۆ فەرمان پێکراویت بە یارمەتیدانی و هاوکاری کردنی لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : ((الْمُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضاً)).(1)

واتە : ئیماندار بۆ ئیماندار وەك خانو وایە هەندێکی تری توندوتۆڵ و قایم دەکات .

(1) أخرجه مسلم ، كتاب النكاح ، باب الأَمْرِ بِإِجَابَةِ الدَّاعِي إِلَى دَعْوَةٍ ، رقم : (١٤٣٢) ، وأخرجه البخاري بمعناه ، كتاب النكاح ، باب من ترك الدعوة فقد عصى الله ورسوله ، رقم : (٥١٧٧) .

(1) أخرجه البخاري ، كتاب المظالم ، باب نصر المظلوم ، رقم : (٢٤٤٦) ، ومسلم ، كتاب البر والصلة والآداب ، باب تَرَاحُمِ الْمُؤْمِنِينَ وَتَعَاطُفِهِمْ وَتَعَاضُدِهِمْ ، رقم : (٢٥٨٥) .

**حەق و مافی سێیەم : ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێت کرد ئامۆژگاری بکە :** واتە ئەگەر هات بۆلات و داوای لێت کرد کە لە شتێکدا ئامۆژگاری بکەیت ئەوا تۆیش ئامۆژگاری بکە ، چونکە ئەمە بەشێکە لە دین هەروەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((الدِّينُ النَّصِيحَةُ : لِلَّهِ ، وَلِكِتَابِهِ ، وَلِرَسُولِهِ ، وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ ، وَعَامَّتِهِمْ)) [1] واتە : ئایین ئامۆژگاری و دڵسۆزی یە : بۆ خوا و بۆ کتێبەکەی و بۆ پێغەمبەرەکەی و

بۆ پێشەوایانی موسڵمانان و موسڵمانە سادەکانیش .

بەڵام ئەگەر خۆی نەهات داوای ئامۆژگاریت لێبکات ئەو کاتە ئەگەر ئەو شتەی کە ئەو دەیەوێت هەنگاوی بۆ بنێت و بیکات زەرەر و زیان یان تاوان و گوناهی تێدا هەبوو بۆی ئەوا پێویستە لەسەرت نەسیحەت و ئامۆژگاری بکەیت ئەگەر چی خۆیشی نەهاتبێت بۆلات ، چونکە ئەمە بەشێکە لە لادانی زەرەر و زیان و خراپە و تاوان لەسەر موسڵمانان ، وە ئەگەر ئەو شتەیش کە ئەو دەیەوێت بیکات زەرەر و زیانی نەبوو بۆی و تاوان و گوناهیشی تێدا نەبوو بەڵام تۆ وادەبینیت کە شتێکی تر جگە لەوە بەسوودترە بۆی ئەو کاتە واجب و پێویست نییە لەسەر تۆ هیچی پێ بڵێیت ئیللا مەگەر خۆی داوای ئامۆژگاریت لێبکات ئەو کاتە پێویستە ئامۆژگاری بکەیت .

---

(١) أخرجه البخاري تعليقاً ، كتاب الإيمان ، باب قول النبي (ﷺ) : "الدين النصيحة لله ..." ص : (٣٥) ط/ بيت الأفكار الدولية ، ومسلم ، كتاب الإيمان ، باب بَيَانِ أَنَّ الدِّينَ النَّصِيحَةُ ، رقم : (٥٥) .

**حەق و مافی چوارەم : ئەگەر پژمی و سوپاسی خوای کرد دوعای بۆ بکە** : واتە پێی بڵێ : (يَرْحَمُكَ اللَّهُ / خوا ڕەحمت پێبکات) وەکو سوپاسکردن و دەستخۆشی لێکردنێك لە بەرامبەر ئەوەی کە ئەو لە کاتی پژمیندا سوپاس و ستایشی پەروەردگاری کرد ، بەڵام ئەگەر پژمی و سوپاسی خوای نەکرد ئەوا حەق و مافی ئەوەی نی‌یە کە دوعای بۆ بکرێت ، چونکە ئەو سوپاس و ستایشی خوای نەکرد و بۆیە پاداشتەکەی ئەوەیە کە دوعای بۆ نەکرێت .

وە دوعاکردن بۆ کەسێك کە دەپژمێت ئەگەر سوپاس و ستایشی خوای کرد فەرزە و پێویستە لەسەر ئەویش کە وەڵام بداتەوە و بڵێت : (يَهْدِيكُمُ اللَّهُ وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ / خوا ڕێنماییتان بکات و گوزەرانتان باش بکات) ، وە ئەگەر بەردەوام پژمی و ئەویش سێ جار دوعای کرد بۆی ئەوا لە چوارەم جاردا لە بری وتەی : (يَرْحَمُكَ اللَّهُ / خوا ڕەحمت پێبکات) پێی بڵێ : (عَافَاكَ اللَّهُ / خوا شیفات بدات) .

**حەق و مافی پێنجەم : ئەگەر نەخۆش کەوت بەسەری بکەرەوە** : وە بەسەرکردنەوەی نەخۆش بریتی‌یە لە سەردان کردنی ، وە ئەمەش حەق و مافێکی ئەوە بەسەر برا موسڵمانەکانیەوە و پێویستە لەسەریان پێی هەڵبسن ، وە چەندە ئەو نەخۆشە حەق و مافی بەسەرتەوە هەبوو لە خزمایەتی یان هاوڕێیەتی یان دراوسێیەتی ئەوا بەسەرکردنەوەکەی جەخت لەسەرکراوەترە .

وە بەســەرکردنەوەی نــەخۆش بــە پــێی حــاڵی نەخۆشــەکە و بــە پــێی نەخۆشیەکەیە ، جاری وا هەیە حاڵەتەکە وا دەخوازێت کە زۆر بەسەری بکەیتــەوە و چەندبارە بڕۆیتەوە بۆلای ، وە جاری وایش هەیــە حاڵەتەکــە وا دەخوازێــت کــەم بەسەری بکەیتەوە، بۆیە لە پێشتر ئەوەیە کە دۆخ و حاڵەتەکان لەبەرچاو بگیرێن.

وە سوننەتیش وایە بۆ ئەو کەسەی کە نەخۆشێك بەسەر دەکاتەوە کە هــەواڵی حــاڵی بپرســێت و دوعــای بــۆ بکــات و دەرگــای دەربــازبوون لــە ناڕەحــەتی و ئومێدهــەبوونی بەســەردا بکاتــەوە ، چــونکە بەڕاســتی ئەوانــە لــە گــەورەترین هۆکارەکانی لەشساغی و شیفا و چاکبوونەوەن ، وە پێویستیشە کــە تــەوبــەکردنی وەبیربهێنێتەوە بە شــێوازێك کــە نــەیتۆقێنێت ، بــۆ نموونــە پــێی بڵێــت : تــۆ لــەم نەخۆشکەوتنەت خێــرت دەســت دەکــەوێت چــونکە نەخۆشــی خــوا دەیکاتــە هــۆی داپۆشینی هەڵەکان و سڕینەوەی خراپــەکان ، وە لەوانەیــە تــۆ بــە هــۆی مانــەوەت لەسەر جێگا و لە ماڵدا ئەجر و پاداشتێکی زۆرت دەست بکەوێت بە زۆر زیکرکردن و داوای لــێخۆشبوون و دوعاکردن .

**حــەق و مافــی شەشــەم : ئەگــەر مــرد شــوێنی جەنازەکــەی بکــەوە :**

شوێنکەوتنی جەنازە یەکێکە لە حەق و مافــەکانی موسـڵمان بەســەر براکەیــەوە ، وە ئــەجر و پاداشــتێکی گەورەشــی تێدایــە ، ســەلمێنراوە لــە پێغەمبــەرەوە (ﷺ)

فەرموویەتی : ((مَنْ تَبِعَ الْجَنَازَةَ حَتَّى يُصَلَّى عَلَيْهَا فَلَهُ قِيرَاطٌ ، وَمَنْ تَبِعَهَا حَتَّى تُدْفَنَ فَلَهُ قِيرَاطَانِ ، قِيلَ : وَمَا الْقِيرَاطَانِ ؟ قَالَ : مِثْلُ الْجَبَلَيْنِ الْعَظِيمَيْنِ)).[1]

واتە : هەرکەسێك شوێنی جەنازەیەك بکەوێت تاوەکو نوێژی لەسەر دەکرێت ئەوا یەك (قِيرَاط)ی بۆ هەیە ، وە هەرکەسێکیش شوێنی بکەوێت تاوەکو دەنێژرێت ئەوا دوو (قِيرَاط)ی بۆ هەیە ، وترا : دوو (قِيرَاط) چی‌یە ؟ فەرمووی : وەکو دوو شاخی گەورە وان .

* هەروەها بەشێکی تر لە حەق و مافەکانی موسڵمان بەسەر موسڵمانەوە ئەوەیە : کە ئەزێت و ئازاردانی لێبگرێتەوە ، چونکە ئەزێت و ئازاردانی موسڵمانان تاوان و گوناهێکی گەورەی تێدایە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟ فَقَدِ ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٨﴾ ﴾ [الأحزاب].

واتە : وە ئەوانەی کەوا ئەزێتی ئیمانداران پیاوان و ئافرەتان دەدەن بەبێ ئەوەی کە تاوانیان کردبێت ئا ئەوانە بوهتان و تاوانێکی روونیان هەڵگرتووە .

---

[1] أخرجه البخاري ، كتاب الجنائز ، باب من انتظر حتى تدفن ، رقم : (١٣٢٥) ، ومسلم ، كتاب الجنائز ، باب فَضْلِ الصَّلاَةِ عَلَى الْجَنَازَةِ وَاتِّبَاعِهَا ، رقم : (٩٤٥) .

وە زۆربەی جار هەرکەسێك زاڵ ببێت بەسەر برایەکیدا بە ئەزێت و ئازاردانی ئەوا خوا لە دونیادا لە پێش دوارِۆژ تۆڵەی

لێدەکاتەوە .

وە پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرموویەتی : ((لاَ تَبَاغَضُوا ، وَلاَ تَدَابَرُوا ، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَاناً ، الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ ، لاَ يَظْلِمُهُ ، وَلاَ يَخْذُلُهُ ، وَلاَ يَحْقِرُهُ ، بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ ، كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ)).[1]

واتە : ڕقتان لە یەکتر نەبێت ، و پشت لە یەکتر هەڵمەکەن ، وە ببن بە بەندەی خوا و برای یەکتر ، موسڵمان برای موسڵمانە ستەم و زوڵمی لێناکات و پشتی بەرنادات و بە چاوی سووکیشەوە سەیری ناکات ، بەسە بۆ خراپێتی موسڵمان کە بە چاوی سووکەوە سەیری برای موسڵمانی بکات ، هەموو موسڵمانێك خوێن و ماڵ و ناموسی حەرامە لەسەر موسڵمان .

وە حەق و مافەکانی موسڵمان بەسەر موسڵمانەوە زۆرن ، بەڵام دەکرێت واتای کۆکەرەوە و گشتگیر بۆ هەموویان بریتی بێت لەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (ﷺ): ((الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ)) .. **"موسڵمان برای موسڵمانە"** چونکە هەرکاتێك موسڵمان هەستا بەوەی کە ئەم برایەتییە دەیخوازێت ئەوا هەوڵدەدات و

---

(١) أخرجه البخاري ، كتاب الأدب ، باب ما يُنهى عن التحاسد والتدابر ، رقم : (٦٠٦٥) وفي باب الهجرة رقم : (٦٠٧٦) ، ومسلم ، كتاب البر والصلة والآداب ، باب تَحْرِيمِ ظُلْمِ الْمُسْلِمِ وَخَذْلِهِ وَاحْتِقَارِهِ ... ، رقم : (٢٥٦٤) .

تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی کە ووردببێتەوە و بەدوای هەموو خێر و چاکەیەکدا بگەڕێت بۆی ، وە خۆیشی بە دووربگرێت لە هەموو شتێك کە زەرەر و زیانی هەبێت بۆی .

❁ ❁ ❁

## حەق و مافی دەیەم : حەق و مافی جگە لە موسڵمانان

جگە لە موسڵمانان هەموو کافر و بێباوەڕەکان دەگرێتەوە و ئەوانیش چوار چەشن و جۆرن : جەنگاوەرەکان و ئەمانخوازەکان و پەیماندەرەکان و لەئەستۆبووەکان .

* **جەنگاوەرەکانیان (ئەوانەن کە لە جەنگدان لەگەڵ موسڵمانان)** : ئەمانە هیچ حەق و مافێکی پاراستن و چاودێری کردنیان نییە بەسەرمانەوە .

* **وە ئەمانخوازەکانیان (ئەوانەن کە داوای ئەمان و پەنادانیان کردووە لە موسڵمانان)** : ئەمانەش مافی پاراستنیان هەیە بەسەرمانەوە لە ماوەی ئەو کات و شوێنەی کە دیاری کراون بۆ ئەمان پێدانیان و پاراستنیان ، ئەمەش لەبەر

فەرمایشـــتی خـــوای گـــەورە : ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ٱسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُۥ ۚ ⦗٦⦘﴾ [التوبة].

واتە : وە ئەگەر یەکێك لە موشریکەکان داوای پـەنادان و لـەخۆگرتن و ئـەمانی لێت کرد ئەوا پەنای بدە و لەخۆتی بگرە و ئەمانی بەرێ بۆ ئەوەی کە وتـەی خـوا (قورئان) ببیسێت و پاشان بیگەیەنەرەوە بەو جێیەی خۆی کە تێیدا ئەمینە .

* وە **پەیمانـــدەرەکانیان (ئەوانـــەن کـــە پەیماننامـــەی ئاشـــتی و شـــەڕاگرتنیان هەیـــە لەگـــەڵ موســـڵمانەندا)** : ئەمانـــەش حـــەق و مافـــی بەوەفابوون و بەسەربردنی ئەو عەهد و پەیمانەیان هەیە بەسەرمانەوە تاوەکو ئـەو کاتەی کە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە لە نێـوان ئێمـە و ئەوانـدا ئەوەنـدەی کـە ئـەوان ڕێك و ڕاست بن لەگەڵماندا لەسەر ئەو عەهد و پەیمانە و هیچی لـێکەم نەکەنەوە و هەڵنەوەشـێننەوە و پشـتگیری و هاوکـاری هـیچ کەسـێکیش نەکـەن لـە دژمـان و تانەشنەدەن لـە دیـن و ئاینەکـەمان ، ئەمـەش لەبـەر فەرمایشـتی خـوای گـەورە :

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ شَيْـًٔا وَلَمْ يُظَٰهِرُوا۟ عَلَيْكُمْ أَحَدًا فَأَتِمُّوٓا۟ إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَىٰ مُدَّتِهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ⦗٤⦘﴾ [التوبة].

واتـــە : جگـــە لەوانـــە نـــەبێت کـــە عەهـــد و پـــەیمان و بـــەڵێنتان پێـــداون لـــە موشریکەکان و ئەنجا هیچ شتێکیان لەو پەیماننامەیە هەڵنەوەشاندووەتەوە و کەم

نەکردووە لەگەڵتان و پشتگیری و هاوکاری هیچ کەسێکیشیان نەکردووە لە دژتان ئا ئەوانە پەیمان و بەڵێنەکەتان ببەنەسەر بۆیان تاوەکو کاتی پەیمان و بەڵێنەکەتان لەگەڵیان تەواو دەبێت ، بەڕاستی خوا کەسانی لەخواترس و خۆپارێز لە تاوانی خۆشدەوێت .

هەروەها لەبەر فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿ وَإِن نَّكَثُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُم مِّنۢ بَعۡدِ عَهۡدِهِمۡ وَطَعَنُواْ فِي دِينِكُمۡ فَقَٰتِلُوٓاْ أَئِمَّةَ ٱلۡكُفۡرِ إِنَّهُمۡ لَآ أَيۡمَٰنَ لَهُمۡ ١٢ ﴾ [التوبة] واتە : وە ئەگەر لە دوای عەهد و پەیماندانیان بەڵێنامە و پەیمانەکەیان لەگەڵتاندا هەڵوەشاندەوە و تانەیاندا لە دینەکەتان ئەوا ئێوەیش کوشتاری سەرکردەکانی کوفر و بێباوەڕی بکەن چونکە ئەوانە عەهد و پەیمانیان نییە و نایبەنەسەر .

* **وە لەئەستۆبووەکانیان (ئەوانەن کە لە ژێر دەسەڵاتی موسڵماناندا دەژین)** : ئەمانەش لە هەموو ئەو چەشن و جۆرانەی تر زیاتر حەق و مافیان لەسەر ئێمە هەیە و حەق و مافیشیان لەسەر هەیە ، چونکە ئەمانە لە ناو وڵاتی موسڵماناندا دەژین و لە ژێر پاراستن و چاودێری و ئاگالێبوونی موسڵماناندان لەبەرامبەر ئەو سەرانە و (جزية)یەی کە دەیدەن بە دەوڵەتی ئیسلام .

بۆیە پێویستە لەسەر کاربەدەست و سەرپەرشتیاری موسڵمانان کەوا بە حوکمی ئیسلام حوکمڕانیان بکات لە گیان و ماڵ و ناموسدا ، وە سزادیاریکراوەکانیش (الحدود) جێبەجێ بکات بەسەریاندا لەو شتانەدا کە ئەوان باوەڕیان بە حەرامێتیان هەیە ، وە پێویستیشە لەسەری کەوا بیانپارێزێت و ئەزێتدانیان لێ بگرێتەوە .

وە پێویستە جیاببنەوە لە موسڵمانان لە جلوبەرگدا و جلوبەرگی ئەوان جیاوازبێت لە جلوبەرگی موسڵمانان ، وە ناشبێت هیچ شتێك لەوانەی کە لە ئیسلامدا خراپە و تاوانن یان شتێك لە دروشمەکانی ئاینەکەی خۆیان وەکو زەنگ لێدان و خاچ (الناقوس والصليب) دەربخەن .

وە ئەحکامەکانی (لەئەستۆبووەکان / أهل الذِّمَّة) لە کتێبەکانی زانایاندا هەیە و لێرەدا درێژەیان پێنادەین .

وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِين

وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّم عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِين

حَرَّرَهُ الفَقِيرُ إِلَى اللهِ تَعَالَى مُحَمَّدُ بْنُ صَالِحٍ العُثَيمِين

❁ ❁ ❁

سوپاس بۆ خوای گەورە تەواوبووم لە وەرگێڕانی

ئەم کتێبە زۆر بەسوود و گرنگە

لە ناو (المسجد الحرام) / لە شاری مەککەی پیرۆز

لە بەرامبەر کەعبەی ڕێزدار

لە شەوی یەك شەممە / پاش نوێژی مەغریب

(٨ / جُمادی الأُولـی / ١٤٣٨) بەرامبەر بە (٤ / ٢ / ٢٠١٧)

محمد عبد الرحمن لطيف

# ناوەڕۆك

* پێشەکی دانەر ............................................ ٣

* **ئەو حەق و مافانەی کە سروشتی مرۆڤ دەیا نخوازێت و شەریعەتی خوایش بەرقەراری کردوون** : ............................................ ٤

حەق و مافی یەکەم : **حەق و مافی خوای گەورە** .............. ٥

حەق و مافی دووەم : **حەق و مافی پێغەمبەری خوا** (ﷺ) .............. ١٥

حەق و مافی سێیەم : **حەق و مافی باوك و دایك** .............. ٢١

حەق و مافی چوارەم : **حەق و مافی منداڵان** .................... ٢٧

حەق و مافی پێنجەم : **حەق و مافی خزم و کەسوکار** .................. ٣٦

حەق و مافی شەشەم : **حەق و مافی ژن و مێرد** ................ ٤٣

حەق و مافی حەوتەم : **حەق و مافی کاربەدەستان و هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتیان** ... ٥٧

حەق و مافی هەشتەم : **حەق و مافی دراوسێکان** ................ ٦٤

حەق و مافی نۆیەم : **حەق و مافی موسڵمانان بە گشتی** ................ ٦٩

## ئەم حەق و مافانە زۆر زۆرن ، لەوانە :


١ / سەلامکردن .................................... ٧٠

٢ / ئەگەر دەعوەتی کرد وەڵامی بدەرەوە ...................... ٧٣

٣ / ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێت کرد ئامۆژگاری بکە .................. ٧٤

٤ / ئەگەر پژمی و سوپاسی خوای کرد دوعای بۆ بکە ........... ٧٦

٥ / ئەگەر نەخۆش کەوت بەسەری بکەرەوە .................... ٧٧

٦ / ئەگەر مرد شوێنی جەنازەکەی بکەوە ...................... ٧٨

حەق و مافی دەیەم : **حەق و مافی جگە لە موسڵمانان** ........... ٨٢

## الإمام ابن العثيمين في سطور[1]

* هو الإمام الحَبْر الرَّباني ، الفقيهُ الأُصولي المُفسِّرُ الزاهدُ الورعُ ، العلامَّة الشيخ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله.

* ولد الشيخ في مدينة عُنيزة بتاريخ : (٢٧ / ٩ / ١٣٤٧) هـ.

* كان الشيخ ابن العثيمين إماماً ربانيّاً حيثُ كان عالماً عاملاً بعلمه ومُعلماً لغيره وداعياً إلى الله على بصيرة ، وكان له حظ وافر من وصفي "الرباني والإمام" المذكورين في قوله تعالى : ﴿وَلَٰكِن كُونُواْ رَبَّٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمۡ تُعَلِّمُونَ ٱلۡكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمۡ تَدۡرُسُونَ ٧٩﴾ [آل عمران] ، وقوله تعالى : ﴿وَجَعَلۡنَا مِنۡهُمۡ أَئِمَّةٗ يَهۡدُونَ بِأَمۡرِنَا لَمَّا صَبَرُواْۖ وَكَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يُوقِنُونَ ٢٤﴾ [السجدة].

* وكان الشيخ ابن العثيمين رحمه الله مدرسة علمية ومكتبة متنقلة وحده ، وهذا ما يشهد عليه دروسه المسجلة وكتبه العلمية المؤصلة ، وكان "**أُمَّةً في رَجُلٍ:** "

والنَّاسُ أَلْفٌ مِنْهُم كَوَاحِدٍ  وواحِدٌ كالأَلْفِ إنْ أَمْرٌ عَنَا

* توفي الشيخ بتاريخ (١٥ / ١٠ / ١٤٢١) هـ رحمه الله رحمةً واسعة وأدخله الفردوس الأعلى .

---

[1] انظر ما كتبه : (**اللجنة العلمية في مؤسسة الشيخ محمد بن صالح العثيمين الخيرية**) في ترجمته في مقدمة كتب الشيخ رحمه الله تعالى .

* كان وفاة الشيخ ابن العثيمين رحمه الله خسارة كبيرة للعالَم أجمع ومصيبة عظيمة على المسلمين عموماً ، وبوفاة الشيخ تبين للناس مصداق قول بعض أهل العلم قديماً عندما قالوا : **(موتُ العالِمِ موتُ العالَمِ).**

* ولا أكون مُجانبا للصواب في أنَّ قول الشيخ ابن باز رحمه الله القائل : **(مَنْ نَذَرَ نَفْسَهُ لِخدمة دينهِ عاش مُتعباً ، ولكن سيعيشُ كبيراً ، وسيموتُ كبيراً ، وسيُبعثُ كبيراً ، والحياةُ في سبيل الله أصعبُ من الموتِ في سبيل الله)** ينطبق على الشيخ ابن العثيمين رحمه الله تمام الانطباق.

**الْحَمْدُ للهِ الذِّي وَفَّقَنِي لِتَرْجَمَةِ**

**هَذَا الكِتَابِ الصَّغِيْرِ الْحَجْمِ الْعَظِيْمِ النَّفْعِ وَالْفَائِدَة**

**(لَقَدْ بَدَأْتُ بِتَرْجَمَتِهَا مِنْ بَلْدَتِي كَلار ، وانْتَهَيْتُ مِنْهَا فِي مَكَّةَ الْمُكَرَّمَة**

**أَثْنَاءَ مَوْسِمِ عُمْرَةِ شِتَاءِ عَامِ ١٤٣٨ مِنَ الْهِجْرَةِ النَّبَوِيَّة)**

مَكَّةَ الْمُكَرَّمَة / بِدَاخِلِ الْمَسْجِدِ الْحَرَام / أَمَامَ الكَعْبَةِ الْمُشَرَّفَة

بَعْدَ صَلاةِ الْمَغْرِب / ٨ / جُمَادَى الأُوْلَى / ١٤٣٨ هـ